# Comparing the resistance discourse in contemporary Kurdish and Assyrian poetry 1975-1991

Revan Jani Korbil[1], Sirwan jabbar amin[2]
Soran University

*DOI: https://doi.org/10.31918/twejer.2692.10*

*Published: 5/4/2026*

## *Abstract*

*Discourse is a system of language and social practices. Within a historical, political, and cultural context, it determines the meaning of topics. Between 1975 and 1991, Kurds and Assyrians were subjected to persecution through political and legal decisions related to the constitution. To understand the negative impact of these decisions and how the poet was able to raise national awareness and sentiment to deconstruct the Ba'ath ideology, the method of critical discourse analysis was used, as it is dialectical and examines the impact of these decisions within texts. Reading and comparing the Discourse of resistance in Kurdish and Assyrian texts, they are similar in many aspects: they represent one fortress, one destiny, one history, and one geography. However, they differ in their goals, collective memory, tools, political and military power (the Peshmerga), and the international recognition. On the other hand, the Kurdish Discourse directly confronted the Ba'ath, while the Assyrian Discourse avoided direct confrontation with the Ba'ath, instead employing the religious, national and historical symbols.*

***Keyword***: *discourse, discourse analysis, resistance, resistance literature.*

# بەراوردی گوتاری بەرەنگاری لە شیعری هاوچەرخی کوردی و ئاشووریدا (1975–1991)


**پوختە**

گوتار، سیستمێکە لە زمان و کردە کۆمەڵایەتیەکان. لە سیاقێکی مێژوویی، سیاسی و کلتووریدا، مانا بۆ بابەتەکان دیاریدەکات. نەتەوەی کورد و ئاشوور، لە ماوەی نێوان (1975–1991) بە بڕیاری سیاسی و یاسایی دەستووری کاتیی عێراق، چەوسێندراونەتەوە. بۆ تێگەیشتن لە کاریگەریی نەرێنیی بڕیارەکان و چۆن شاعیران هۆشیاریی نەتەوەییان جولاند و دیدێکی بەرەنگارییان لە بەرانبەر ئایدیۆلۆژیای بەعسدا نیشاندا. لەم توێژینەوەیە میتۆدی گوتارشیکاریی ڕەخنەیی بەکارهێنراوە، چونکە دیالێکتیکیە و کاریگەریی بڕیارەکان لەنێو دەقەکاندا دەردەخات.

خوێندنەوەی گوتاری بەرەنگاریی نێو دەقەکان و بەراوردکردنیان، لە زۆر لاوە هاوشێوە بوونە، یەک سەنگەری، یەک چارەنووسی، یەک مێژوو و یەک جوگرافیا، بەڵام لەلایەنی، یادگەی دەستەجەمعی، ئامراز، هێزی سیاسی و سەربازی (پێشمەرگە) و دانپێدانانی نێودەوڵەتیدا جیاوازن. لەلایەکی ترەوە، گوتاری کوردی، ڕاستەوخۆ ڕووبەڕووی بەعس بووەتەوە، بەڵام گوتاری ئاشووری، خۆی پاراستوە لە ڕووبەڕووبوونەوەی ڕاستەوخۆی بەعس و بەمەنهەجیکردن، واتە پێدانی ڕەمزی ئاینیی و نەتەوەیی و مێژوویی، گوتارەکەی ئاراستەی هاوزمانانی کردوە.


**وشە کلیلیەکان:** گوتار، شیکردنەوەی گوتار، بەرەنگاری، ئەدەبی بەرەنگاری.

## پێشەکی

چەمکی گوتار، لە سەردەمی مۆدێرندا، زمانی وەک ئامرازێکی دەربڕین تێپەڕاندوە. بووەتە بوارێکی چالاک لەگەڵ بوارە مەعریفیە جۆراوجۆرەکانی تردا وەکو کۆمەڵناسی، زمانەوانی، ڕەخنەی ئەدەبی، فەلسەفە و میدیا کاردەکات. پایەیەکی بنەڕەتیی پەیکەری کارلێکی مرۆڤەکان پێکدەهێنێت لە مانا تایبەتیەکەیدا، وەک ئەوەی فۆکۆ لەبارەیەوە دەڵێت: "تەنیا ڕێگایەک نیە بۆ گوزارشتکردن لە چەند بیرێک و بەیەکەوەگرێیاندرابن، یاخود گفتوگۆیەکی بازاڕیی ساکار نیە، بەڵکو دیاردەیەکی مرۆییە و بوارێکە خودەکان لە خۆیدا کۆدەکاتەوە، تەلارێکی بونیادنراوە لەسەر کۆپەیوەندیەکی داڕێژراوی سیستەمبەند، وەک چۆن بوارێکی سەربەخۆیە بۆ ڕاڤەکردن و لێکۆڵینەوە"(امین و علی،2023: 116) و بەشدارە لە داڕشتنی هۆشیاریی تاک و کۆمەڵ بۆ بونیادنانی مەعریفە لەسەر هەژموون و دەسەڵات.

تا دێت، جیهان بە کۆد و ئالۆزتر پێکەوە گرێدەدرێت. زمان چیتر لە توانایدا نیە، بێلایەن کاربکات، بۆیە گوتارشیکاریی ڕەخنەیی (فێرکلەف)، چالاکانە کار لەسەر دروستکردنی مەعریفە دەکات و تەنها بە سیستەمی ناوخۆیی دەقەوە نابەسترێت، واتە (شیکاریی زمانەوانی)، بەڵکو لەوە زیاتر دەڕوات بۆ دەوروبەری دەق؛ لە هەلومەرجە سیاسی، مێژوویی، کۆمەڵایەتی، سایکۆلۆژی...(بن مكي،2019: 13).

ئالۆزیە سیاسیەکانی سەردەمی هاوچەرخ. کاردانەوەی قووڵی بەسەر پرسە کۆمەڵایەتیەکاندا بەرانبەر بە سەپاندنی (power) دەسەڵات هەیە، بۆیە فۆکۆ دەڵێت: "لەهەر کوێیەک دەسەڵات هەبێت، بەرەنگاری هەیە" (باكير و ايليج،2018: 116). گۆڕەپانی داهێنانی ئەدەبی، وزەی کۆمەڵگا لەژێر تەکنیک و ستراتیژێکی ئەخلاقی، کۆدەکاتەوە دژ بە دەسەڵاتی نادادپەروەری و دەبێتە ئیلهامبەخشی ڕەتکردنەوەی ڕژێمەکان، هەروەک نەتەوەی کورد و ئاشووری، کە لە گوتاری

دەقی شیعریی هاوچەرخیان، کەشفی پارادۆکسی گوتاری ڕژێمی بەعسی کردوە بۆ خ سەپێنی و لە ڕێگای هۆشیاریەوە، کۆمەڵگای خۆیان لە پیلانە ستراتیژییەکان ئاگادارکردوەتەوە.

ناوەڕۆکی ئەم توێژینەوەیە، لە پێشەکی و دوو بەش پێکهاتوە. بەشی یەکەمی، بەرایی، چەمک و بنەما سەرەکیەکانی گوتارشیکاریی ڕەخنەیی (فێرکلەف)ی لەخۆگرتوە. بەشی دووەمیش، بۆ بارودۆخی سیاسیی کورد و ئاشووری لە عێراق و بەراوردکردنی گوتارەکانیان تەرخانکراوە.

**سنووری توێژینەوە**

لەبەر ئەوەی، ماوەی توێژینەوە دەکەوێتە (1975–1991) و هەژموونی دەسەڵاتی سیاسیی ڕژێمی بەعسی پێشووتر، بۆیە لەڕووی کاتەوە، دەکەوێتە نێوان ساڵانی (1975–1991). سنوورەکەشی لە ڕووی جوگرافیاوە، هەرێمی کوردستانی عێراقە. لە ڕووی زمانیش، ئەو شیعرانەی زمانی کوردی و ئاشوورین، کە بۆ شۆڕشی کوردستانی نووسراون لە نێوان ساڵانی (1975–1991).

**کێشەی توێژینەوە**

سەرەڕای سیاقی سیاسیی سەخت و هاوبەشی نەتەوەی کورد و ئاشووری لەژێر دەسەڵاتی بەعس (1975–1991) و سەرهەڵدانی گوتاری بەرەنگاری لە شیعری هاوچەرخیاندا.. بەڵام بۆشایی توێژینەوەی لێکەوتوەتەوە، چونکە توێژینەوە بەراوردکاریەکان، کە شیکاریی لێکچوون و جیاوازیەکان دەکەن، ئەم بۆشاییەی توێژینەوەیان، پڕنەکردوەتەوە بۆ تێگەیشتن لە چۆنیەتیی لێکدانەوەی تەعریب، ئەنفال، ڕاگواستنی زۆرەملێ، ئەفسانە، هێما، ئاین...هتد لە شیعری بەرەنگاری کوردی و ئاشووری وەک چەکێکی ئەدەبی و بەراوردکردنی گوتارەکانیان لەگەڵ یەکتر لەسەر بنەمای دوو نەتەوەی ڕەسەن لە یەک مێژوو و جوگرافیادا.

## ئامانجی توێژینەوە

ئامانجی ئەم توێژینەوەیە. کردنەوەی کۆدەکانە، تێگەیشتنە لەوەی، کە چۆن شاعیری کورد و ئاشووری گوتاری بەرەنگاریی مەدەنییان وەک ئامرازێکی هۆشیاریی سیاسی، کۆمەڵایەتی و کلتووری بەکارهێناوە، چونکە دوو نەتەوەی ڕەسەن و جیاوازن لە شوناس، مێژوو و پێگەی خۆیان لە چوارچێوەی عێراقی هاوچەرخدا هەیە، بۆیە بۆ تێگەیشتن لە میکانیزمەکانی ململانێ و پڕوپاگەندەی مافەکان و پێکهاتنی شوناس و کاریگەرییان لەسەر سەقامگیری و یەکگرتوویی نیشتمانی، گوتاری بەرەنگاری مەدەنییان دەردەهێنین و لەگەڵ یەک بەراوردیاندەکەین و خاڵی لێکچوو و جیاواز دەخەینەڕوو.

## پرسیاری توێژینەوە

بۆ چارەسەرکردنی کێشەی توێژینەوە و دۆزینەوەی وەڵام، چەند پرسیارێک کراون، ئایا خاڵی لێکچوون و جیاوازی نێوان گوتاری بەرەنگاریی کوردی و ئاشووری لە شیعری هاوچەرخیاندا بۆ ساڵانی (1975-1991) چیە و هۆکارەکەی بۆچی دەگەڕێتەوە.

## گرنگیی توێژینەوە

ئەم توێژینەوەیە، گرنگیی ئەکادیمی، کۆمەڵایەتی و سیاسیی هەیە، بەم شێوەیە:

-لە ڕووی ئاکادیمی، بۆشاییەکی توێژینەوەیی پڕدەکاتەوە، چونکە ئەمە یەکەم توێژینەوەیە بە زمانی کوردی لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان و عێراق، کە بەراوردی گوتاری بەرەنگاریی کوردی و ئاشووری دەکات لە ماوەی (1975-1991).

-لە ڕووی کۆمەڵایەتی و سیاسیش، چۆن شیعر توانویەتی پارێزگاری لە شوناسی کورد و ئاشووری بکات لەو کاتەی، کە بەعس بە هەموو هێزیەوە هەوڵی لە ڕەگ هەڵکێشانی داون.

## تێڕوانینی تیۆریی و پێداچوونەوە بە کاری پێشوو

ئەدەبی بەرەنگاریی کوردی و ئاشووری، پلەیەکی بەرزی لەناو ئەدەبەکانی عێراق و ناوچەکە بە گشتی هەیە. هەوڵی تویژەرانیش لە توێژینەوەکانیان، یەک ئاراستە بووە، واتە تەنها لەسەر ئەدەبی بەرەنگاریی کوردی کارکراوە، بۆیە بە هیچ شێوەیەک سەرنج نەخراوەتە سەر ئەدەبی بەرەنگاریی ئاشووری. لەلایەکی تردا. هیچ توێژینەوەیەک هەوڵی بەراوردکردنی گوتاری بەرەنگاریی کوردی و ئاشووریی نەداوە، جگە لەم توێژینەوەیە، ئەوەشی هەیە لە کاری توێژینەوەکان، هەندێکیان ئەمانەن:

-تێزی دکتۆرای عەبدوڵلا یاسین عەلی ئامێدیە (هۆنراوەی بەرگری لە بەرهەمی چەند شاعیرێکی کرمانجی سەروودا-1939-1970) لەساڵی (1999)دا، کە باس لە هۆنراوەی کۆمەڵە شاعیرێکی کوردی کردوە، لەگەڵ ناوەڕۆک و ڕوخساریان، بەڵام نەچووەتە ناو بواری بەراوردکاری لەگەڵ هیچ ئەدەبێکی تردا، بەڵکو ئەوەی هەیە، تەنها وەکو ئەدەبی بەرەنگاریی کوردی باسکردوە.

-تێزی دکتۆرای نەوزاد عەلی ئەحمەد (ئایکۆنی بەرەنگاری لە هەردوو گۆڤاری (نووسەری کورد) و (نووسەری کوردستان) لە ساڵی (2022). ئەمەش تەنها دەرخستنی ئایکۆنی بەرەنگاریی کوردی بووە لە شیعری ئەو دوو گۆڤارە کوردیە و ئاماژەدان بە ئایکۆنەکان، بۆیە تەنها بۆشایی لێکۆڵینەوەی ئایکۆنی بەرەنگاریی کوردی چارەسەکردوە.

-ماستەرنامەی سەرحەد حسێن مستەفا (بیری نەتەوەیی و بەرەنگاریی لە شیعرەکانی (کامەران موکری)دا لە ساڵی (2015)، کە باس لە بیری بەرەنگاریی هەندێ شاعیری کوردی دەکات و دواتر ورددەبێتەوە لەسەر بیری بەرەنگاری لای کامەران موکری. ئەم لێکۆڵینەوەیە، تەنها چارەسەری بیری بەرەنگاری لای کامەران مەکری کردوە، بۆیە گوتارەکانی دەرنەهێندراون و لەگەڵ هیچ ئەدەبێکی تردا بەراوردنەکراون.

-(ڕاگەیاندنی شۆڕش و بزوتنەوەی شیعری کوردی) ماستەرنامەیەکە لەلایەن ئەرسەلان بایز ئیسماعیل لە ساڵی (1999) نووسراوە، کە دواتر لە (2001) کراوەتە کتێب. ئەم ماستەرنامەیە، زیاتر سەرنجی خستوەتە سەر ئەدەبی کوردی و جیاوازیی نێوان ئەدەب و ڕاگەیاندن، واتە باس لە گوتار و بەراوردکردن ناکات، بەڵکو ئەدەبی بەرەنگاری و کێ یەکەم دەقی کوردی نووسیوە لە دوای نسکۆی (1975) و یەکەمین ڕۆژنامەی شۆڕش لە عێراق، بۆیە بۆشایی لێکۆڵینەوەی لێکۆڵینەوەکەمان پڕناکاتەوە، بەڵکو چارەسەری ئەدەبی بەرەنگاریی کوردی دەکات.

-د. ئەبو بەکر خۆشناو، ماستەرنامەیەکی هەیە لە ساڵی (2001) بە ناونیشانی (شیعری بەرەنگاری کوردی)، کە کاتی لێکۆڵینەوە (1975-1991) لەگەڵ کاتی لێکۆڵینەوەکەمان هاوتایە، بەڵام لە ڕووی ناوەڕۆکەوە زۆر جیاوازن، دکتۆر، باس لە شیعری کوردی دەکات و مێژووی شیعری بەرەنگاری و دەستپێکەکەی باسدەکات، هەروەها لە دوای نسکۆی (1975) کێ یەکەم دەقی نووسیوە، بۆیە ئەم لێکۆڵینەوەیەش، بۆشایی لێکۆڵینەوەی بەجێهێشتوە بۆ بەرەنگاریی کوردی و بەراوردکردنی لەگەڵ ئەدەبێکی تری جیاواز وەک ئەدەبی ئاشووری.

-سالار عوسمان لە لێکۆڵینەوەی (بەرەنگاری لە شیعری کوردیدا-مەهاباد قەرەداغی- بە نموونە)، کە لە ساڵی (2022) نووسراوە، لێکۆڵینەوەیەکە باس لە زاراوە و چەمکی بەرەنگاری لەناو شیعری ژنانی کوردیدا دەکات و دەقی شیعریی (مەهاباد قەرەداغی) وەکو نموونە دەخاتەڕوو، بەڵام لەگەڵ هیچ دەقی ژنێکی تری ئاشووری، عەرەب، فارسی بەراوردیناکات بۆ دیاریکردنی پەیوەندیی نێوان گوتارەکان، بۆیە تەنها چارەسەری کێشەی بەرەنگاری لای ژنی کوردی دەکات.

-(شعر المقاومة بين بشري البستاني و طاهرة صفارزاردة-دراسه مقارنة) تێزێکی دکتۆرایە بە زمانی عەرەبی، کە تێیدا بەراوردی شیعری بەرەنگیی نێوان دوو شاعیری ئافرەتی هاوچەرخی عێراقی و ئێرانی کردوە، کە شیعری بەهێزی بەرەنگارییان نووسیوە. لە ناوەڕۆکی تێزەکە،

بەراوردی نێوان مەفهومی (ئازادی، بزوتنەوەی دژی داگیرکەر، شەهید و شەهادەت، دادپەروەری، شوناسی نیشتمان) کراوە، لێکۆڵەر لەسەر ئەنجامەکانی گەیشتوەتە ئەوەی، کە: شەهید و شەهادەت و نیشتمان، دەرکەوتەی زیاتریان هەبووە لەلای شاعیر بشري البستاني، بەڵام ئازادی و دادپەروەری لە شیعری طاهرة صفارزادة زیاتر دەرکەوتوون.

## بەشی یەکەم: چەمکی گوتار و شیکاریی گوتاری ڕەخنەیی

### 1-1-سەرچاوە و پەرەسەندنی گوتار

لێکۆڵەران، سەرچاوەی گوتار بە وتاردان دەبەستنەوە. پرۆسەی گەیاندنی پەیام و ئایدیۆلۆژییان. گرنگترین هونەرە پەخشانیە زارەکیەکانن، کە ڕێگای کاریگەری و ڕازیکردنی گوێگر دەگرنەبەر و پەیوەستی: پێشەکی، ناوەڕۆک، کۆتایی و دەنگ، تۆن و دروستی گۆکردنن (حسینی،2022: 18). ئەفلاتۆن، "وتاردانی بەستەوە بە ڕاستگۆیی و دەروونناسی بەوەی، کە چۆن وابکەین، وەرگر قەناعەت بەوە دەکات، کە ڕاستە بێنێت"(عبیدی،2016: 15). ئەرستۆش لە بارەیەوە دەڵێت: "هێزێکی ڕازیکردنی گونجاوە لە هەر بابەتێکی تاکەکەسیدا" (الخانی،2020: 1-2).

چەمکی مۆدێرنی گوتار.. لە دوای دوالیزمەکەی "زمان و قسەی" دی سۆسێر، بەتایبەتی کارەکانی چارلز بالی لەسەر لێکۆڵینەوە لە لایەنی بەکارهێنانی زمان(حسینی،2022: 180)، کە گوتی: "زمان سیستەمێکە لە هێمای دەربڕاو، کە ناوەڕۆکی هزری ئەنجام دەدەن و تێیدا ڕەگەزی دەروونی و عاتیفی تێکەڵ دەبن و دەبنە ڕووداوێکی کۆمەڵایەتی"، چەمکی زمانی فراوانکرد لە تەنها سیستەمی نیشانە بۆ ئامرازی پەیوەندی، دەربڕین و بواری کۆمەڵایەتی(خضر:2017).

دواتر ڕۆڵی زلیگ هاریس لە هەوڵی فراوانکردنی لێکۆڵینەوەی زمانەوانی بۆ ئەوەی ڕستە بۆ گوتار تێپەڕێنی، هەروەها ڕەخنەی کۆمەڵناسان، بەتایبەتی هالیدای، کە توانی لە ڕێگای دەست

نیشان کردنی ئەرکەکانی زمان، قسە لە سنووری تاکەکەسی بۆ بازنەی کۆمەڵگا و پەیوەندیکردنی نێوان ئاخاوتن لە کۆمەڵگادا بگوازێتەوە(عزیز،2022: 13) گوتاریان خستە نێو چەند ئاراستەی گرنگ و جیاواز: لە ئاراستەی (زمان)، گوتار بووە زمان لە بەکارهێنانیدا، واتە وەک ئەوەی بنفێنسنت گوتی: "بێژەنێکی نێوان ئاخێوەر و گوێگرە، کە مەبەستی یەکەم کاریگەری خستنە سەر دووەم"(مکی،2019: 7-8). ئاراستەی (پەیوەندی)، وەک ئەوەی ڤان دایک باسی دەکات: "گوتار پرۆسەیەکی پەیوەندییە، نەک تەنیا بەرهەمێکی زمانی دابڕاوی سیاق و پەیوەندی". ئاراستەی (کۆمەڵایەتی)، وەک ئەوەی فێرکلەف دەڵێت: "گوتار، جۆرێکە لە کردە کۆمەڵایەتییەکان". ئاراستەی (سیاق)ش، لە ڕوانگە پۆل ریکۆر: "گوتار، یەکەیەکی دیالێکتیکی نێوان واقع و مانای نێو ڕستەیە"(القاید،2019: 22-23).. بەڵام گوتار وەک مەفهومە (فەلسەفی)یە نوێیەکەیدا، لەگەڵ کتێبی میشائیل فۆکۆ (نظام الخطاب) پەیدابووە.

## 1-2-چەمک و زاراوەی بەرەنگاری

بەر لەوەی بچینە سەر ناساندنی چەمک و زاراوەی بەرەنگاری، پێویستە باس لە کێشەی بەکارهێنانی زاراوەی (بەرگری-دفاع) و (بەرەنگاری-مقاومة) بکەین، کە هەندی جار تێکەڵ بەیەکتر دەکرێن. ڕاستە پەیوەندیان بەیەکەوە هەیە، بەڵام دوو چەمکی جیاوازن، بۆیە دەبێت لەبەکارهێنانیاندا وردبین و لە شوێنی دروستیان دابنێین.

بەرەنگاری و بەرگری، لە چەندین توێژینەوەی کوردی بەکارهێندراون، بۆ نموونە: تێزی دکتۆرای (عەبدوللە یاسین ئامێدی)، کە تەنها گفتوگۆی لەسەر زاراوەی بەرگری کردووە، چەند فەرهەنگێکی کوردیی و عەرەبی سەیرکردووە و ئاماژەی پێداون، بەڵام لە هێنانەوەی نموونەدا، زاراوەکانی (بەرەنگاری و بەرگری-مقاومة و دفاع) تێکەڵاو کردووە، بەڵام (ئەبوبەکر خۆشناو)، لە نامەی ماستەرەکەی، زاراوەی بەرەنگاری بەکاردەهێنێت، کە پشتی بە فەرهەنگەکەی عەبدولرەحمان زەبیحی بەستوە، هەرچەندە پێش ئەم بابەتەش، ناوبراو ساڵی (1981) لە گۆڤاری

(پێروو)، هەروەها ساڵی (1990) لە گۆڤاری (بانگ)دا، دوو بابەتی سەبارەت بە شیعر و ئەدەبی بەرەنگاری نووسیوە، لە هەردوو بابەتەکەدا زاراوەی بەرەنگاری بەکارهێناوە (ئەحمەد،2022: 21).

ڕوونە لە دامودەزگا حکومیەکانی هەرێمی کوردستان، بەرگری بەرانبەر بە (دفاع) داندراوە (ئەحمەد،2022: 21) لێکۆڵەریش پێی وایە، کە بەرگری بۆ دیفاع گونجاوە، بەڵام بۆ (مقاومة)، زاراوەی بەرەنگاری لێی نزیک و گونجاوە. ڕاستە هەندی لە نووسەران و ئەدیبانی کورد چ لە شاخ یان شار، بەرانبەر بە زاراوەی بەرەنگاری (مقاومة) و بەرگری (دفاع)، خۆیان ساغ نەکردوەتەوە، بەڵام ئەم لێکۆڵینەوەیە، بەرەنگاری بە دروستتر دەزانێت، چونکە لە ڕووی فەرهەنگ، بەرەنگاری یەکسانە بە (مقاومة)ی زمانی عەرەبی، نەوەک بەرگری، کە یەکسانە بە (دفاع)ی عەرەبی. هەروەها لە ڕووی چەمکیشەوە، بەرگری، زیاتر بە سەنگەر بەندی، بەرگرتن لە مەترسی، لە هێڵی خۆ پاراستن و بێ کاردانەوە و هێرش دێت، بەڵام بەرەنگاری، تەنها خۆڕاگری نییە، بە گژچوونە، کاردانەوەیە و لە قۆناغێکدا، هێرش دەکات.

لەبارەی چیەتی بەرەنگاری، فۆکۆ دەڵێت: "لەهەر کوێیەک دەسەڵات هەبێت، بەرەنگاری هەیە"(باکیر و ایلیچ،2018: 116)، واتە کاردانەوەیە لە پرسە کۆمەڵایەتیەکاندا بەرانبەر بە سەپاندنی (power) دەسەڵات. یاخود: "بەرەنگاری بریتیە لە ڕەتکردنەوەی ژینگەیەکی ناپەسەند و نەگونجاو، یان ڕێکخستنێکی دیاریکراو بۆ بارودۆخێکی ناپەسەند و نەگونجاو بەرپەرچدانەوەی ئەو چالاکیە ناپەسەند و نابەجێیە بۆ مسۆگەرکردنی نوێبوونەوە لە داهاتوودا" (الجعب،2017: 9-10). چیەتی بەرەنگاری مەدەنیش: "جۆرێکە لە هەڵسوکەوتی ناتوندوتیژ، کە زنجیرەیەک کرداری بەردەوام لە دژ هێز و لایەنێک، یان دەسەڵاتێکی دیاریکراو لەخۆدەگرێت"(خلف،1988: 91).

## 1-3-ئەدەبی بەرەنگاری

یەکێکە لەو ئەدەبە مرۆییانەی، کە لە هەموو نەتەوەیەکدا لە ئەنجامی کەوتنە ژێر سایەی نادادپەروەریەکی خنکێنەر سەرهەڵدەدات و پاڵ بە هەست و سۆز دەنێت بۆ ڕەتکردنەوەی ئەم نادادپەروەریە و یاخیبوون لێی(الاسطة،2008: 9). وەکو زاراوەش، لە نیوەی دووەمی سەدەی بیستەمەوە، برەوی هەیە (مەلایی،2023: 141-142).

سەرچاوەی ئەدەبی بەرەنگاری، بەشێکی "لەناو جەرگەی شەڕ و جەنگ"دا سەرهەڵدەدات و پێشدەکەوێت، بەشەکەی تریشی "لەدوای جەنگ و لە ڕێگای خوێندنەوەی مێژوو و خەیاڵ" بەرهەمدێت (ئەحمەد،2022: 24).

سروشتی ئەدەبی بەرەنگاری جیاوازە لە ئەدەبەکانی تر و هەڵگری تایبەتمەندیی خۆیەتی، کە دینامێکی و چالاکیەکەی سنووری جوگرافی و کات نازانێت. ئامانجی، بەرەوپێشبردنی کۆمەڵگا و هێنانەئارای دادپەروەریە (فوزي،2021: 318).

ئەرکی ئەدەبی بەرەنگاری، زیاتر خۆی لە دوو ئاست دەبینێتەوە، ئاستی یەکەم، کە ئاستی "مرۆییە" دۆخی ویژدانی و مرۆیی لەخودەگرێت و ڕەنگدانەوەی لە نێو ئەدەب دەبێت. ئاستی دووەمیشی، کە ئاستی "کۆمەڵایەتی"یە، تێیدا هەوڵی گۆڕانکاریی ڕیشەیی کۆمەڵایەتی دەدرێت، بۆیە بەرەنگاری دەچێتە قۆناغی گشتی و دەبێتە دیدێکی هەمەلایەنی ژیان بەرانبەر داگیرکاران (شهاب،1400هـ: 22-28).

## 1-2-چەمکەکانی گوتارشیکاریی ڕەخنەیی

### ا-ڕەخنە لە گوتار

چەمکی ڕەخنە، هەڵگری زۆرێک لە ماناکانە، هەندێک پەیوەستن بە قوتابخانەی فرانکفۆرت، هەندێ تر سەر بە ڕەخنەی ئەدەبی و بەشێکی تریش دەگەڕێنەوە بۆ هزری مارکسی، بۆیە

چەمکی ڕەخنە، لە ماوەی پەرەسەندنی مەفهومی و دەلالیەکەیدا، بە چەندین میتۆدی مەعریفی بەستراوە، ئەمەش وایکردوە، کە پێناسەیەکی ورد بۆ ڕەخنە، کارێکی ئاسان نەبێت(فوداک و رایزجل: 182).

لە ڕووی فەرهەنگیەوە (کامبردجی ڕۆژئاوایی و لسان العربی ڕۆژهەلاتی)، "ڕەخنە مانایەکی نەرێنیی هەیە و ئاماژە بۆ شتێکی خراپ یان هەڵە دەکات"، بەڵام گوتارشیکاریی ڕەخنەیی، کار لەسەر هۆشیاری دەکات، بۆیە لە ڕوانگەی دیالێکتیکی فێرکڵەفیش، "ڕەخنە بە واتای ئاشکراکردنی پەیوەندیی دوولایەنەی نێوان شتەکانە"(سورخی،2017: 68). رۆت ووداکش، ڕەخنە بە چەمکێکی نەرێنی دانانێت، چونکە دەڵێت "هەوڵی زیادکردن و فراوانکردنی ڕەخنەی مەعریفی دەدات بۆ ڕزگاربوونی مرۆڤ لە نموونە هەژمونگەراییەکان" (القاید،2019: 67).

**ب-دەسەڵاتی گوتار**

گوتار، بابەتێکە بۆ ململانێ لەپێناو وەرگرتنی دەسەڵات، بۆیە فۆکۆ پێی وایە، "گوتار بابەتی دەسەڵات نیە، بەڵکو خولگەی یەکلاکەرەوەی دەسەڵاتەکەیەتی"(الدرمکي: 123). دەسەڵات لە هەموو گوتارێکدا هەیە، تەنانەت ئەگەر گوتار لە ناوچەیەک بێت، لە چوارچێوەی دەسەڵات دووربێت، چونکە لە ڕێگای زمانەوە دەبێت، زمانیش خۆی لە خۆیدا، ئامرازێکی دەسەڵاتە و بە درێژایی مێژوو فراوانبووە، هەروەک یۆرگن هابرمانس لەبارەیەوە دەڵێت: "زمان ئامرازی دەسەڵات و نایەکسانیە". ڕۆلان بارتیش دەڵێت: "زمان ئەو شتەیە، کە لە ئەزەلەوە دەسەڵات تێیدا جێگیربووە، تەنانەت ئەگەر تەنیا وەک مۆرەمۆرێکیش بمێنێتەوە، هەر لە خزمەت دەسەڵاتەوەیە" (بارط،1993: 12-13).

### ت-ئایدیۆلۆژیا و گوتار

گوتار و ئایدیۆلۆژیا، دووانەیەکی لەیەک دانەبڕاون، هێژمونیش هاوکات لەگەڵ ئایدیۆلۆژیا دەستەملانن، بۆیە بەبێ ئەم سێ کوچکەیە، هەر هەوڵێکی تر بۆ گوتارشیکاریی ڕەخنەیی، کرچوکاڵ دەردەکەوێت، چونکە گوتارەکان، هەمیشە بە ئایدیۆلۆژیاوە بارگاوی دەکرێن لەپێناو سەپاندنی هەژموونی دەسەڵات. هەر گوتارێکیش، هەڵگری ئایدیۆلۆژیایەکە، کە نوێنەرایەتیی دەسەڵاتە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵایەتی، سیاسی، ئاینی... هتد دەکەن. فێرکڵەف پێی وایە، کە "ئایدیۆلۆژیا ئامرازێکی واتاییە بەدەست دەسەڵاتەوە و لەپێناو خزمەتکردنی خۆی بەکاریدەهێنێت و بە هاوکاریی گوتار، هەوڵی سەپاندنی هەژموونی دەسەڵات دەدات لە کۆمەڵگادا"، بۆیە دەتوانرێت بگوترێت، کە گوتارەکان بارگاوین بە ئایدیۆلۆژیا لەپێناو سەپاندنی هەژموونی دەسەڵات (فتاح و عزیز،2023: 348).

### 1-2-1-ڕوانگەی فێرکڵەف و قۆناغەکانی

ڕوانگەی فێرکڵەف، پشت دەبەستێت بە نەریتی فەلسەفی مارکس، لەسەرووی هەمووشیانەوە، چەمکی ئایدیۆلۆژیی ئالتۆسێر و چەمکی هەژموونی گرامشی و چەمکی گوتاری فۆکۆ. فێرکڵەف، شێوازێکی گوتارشیکاریی ڕەخنەیی پێشکەشدەکات، کە لەسەر بنەمای تێگەیشتن لە پەیوەندیی دیالێکتیکیی نێوان زمان و دەسەڵات و زانیارییەکان لە چوارچێوەیەکی کۆمەڵایەتیی دیاریکراودا دامەزراوە، واتە کاریگەری و کارتێکەریی سێکوچکەی دەق، گوتار و کۆمەڵگا. فێرکڵەف، ڕوانگەکەی، دابەشی سەر سێ قۆناغی جیاواز دەکات: قۆناغی یەکەم 1989: نوێنەرایەتی ئەم قۆناغە، کتێبەکەی (زمان و دەسەڵاتە) (بکار،2021: 453). قۆناغی دووەم 1992: کتێبی (گوتار و گۆڕانی کۆمەڵایەتی 1992)، نوێنەرایەتی ئەم قۆناغە دەکات (فیرکلف،2015: 13-16). قۆناغی

سێیەم 2012: فێرکلەف لەم قۆناغەدا، کاری لەگەڵ ئیزابێلا فێرکلەف کردوە لە کتێبی (گوتارشیکاریی سیاسی 2012)(بکار،2021: 454).

### 1-3-1ڕەهەندەکانی گوتارشیکاریی ڕەخنەیی فێرکلەف

فێرکلەف لە پاڵ دانانی بۆ تیۆری گوتارشیکاریی ڕەخنەیی، هەوڵیداوە بە پراکتیکی، نەخشەی میتۆدۆلۆژیەکەشی بۆ گوتارشیکاریی ڕەخنەیی لە چوارچێوەی میتۆدێکی سێ ڕەهەندی بخاتەڕوو (فتاح و عزيز،2023: 334)، کە بریتین لە: دەقText ئەم قۆناغە لە تایبەتمەندیەکانی زمانەوانی و ڕێکخراوەیی گوتار وەک دەقێک دەکۆڵێتەوە (پشت بە دەقی گوتار دەبەستێت). کردەی گوتاریDiscursive Practice لەم ئاستەدا، گوتار وەک کردەیەکی لۆژیکی سەیردەکرێت، شتێک بەرهەمدەهێندرێت و پەخشدەکرێت، دووبارە بەرهەمدەهێندرێت و بەکاردەهێندرێتەوە لەناو کۆمەڵگا (پرۆسەی بەرهەمهێنان و بڵاوکردنەوە). کردەی کۆمەڵایەتیSocial Practice لەم قۆناغەدا، کۆڵینەوەیە لە گوتار وەک کردەیەکی کۆمەڵایەتی، واتە کاریگەریە ئایدیۆلۆژیەکان و پرۆسەی هەژموونگەرایی، کە گوتار شوێنی دەرکەوتنیانە (علي و حجوة،2022: 591).

### 1-3-2-هەنگاوەکانی گوتارشیکاریی ڕەخنەیی نۆرمان فێرکلەف

ڕوانگەی فێرکلەف، لەسەر بنەمای تێگەیشتن لە پەیوەندیی دیالێکتیکیی نێوان زمان و دەسەڵات و زانیاریەکان لە چوارچێوەیەکی کۆمەڵایەتیی دیاریکراودا دامەزراوە، واتە (کاریگەری و کارتێکەریی سێکوچکەی دەق، گوتار و کۆمەڵگا)، بۆیە بە دابڕاوی کار لەگەڵ گوتار ناکات، بەڵکو لە چوارچێوەی کردەیەکی کۆمەڵایەتی کاری لەگەڵدا دەکات هەر لە وەسفکردن، لێکدانەوە و ڕاڤە، بەم شێوەیە:

1- وەسفکردنDescription: هەنگاوی یەکەمە، واتە زمان، دەق و گوتار وەک ئەوەی، کە هەن، بەبێ گەڕانەوە بۆ سیاق و بارودۆخی کۆمەڵایەتی(میرحاجی و مسگر،2020: 309).

2- لێکدانەوەExplanation: هەریەکە لە شیکردنەوەی پرۆسەی بەرهەمهێنانی دەق، لایەنی دەروونی و مەعریفەیی تایبەت بە چۆنیەتیی گەیشتنی تاکەکان بە هەندێک لێکدانەوەی تایبەت لەخۆدەگرێت، واتە پەیوەندیی نێوان گوتار و کۆمەڵگا، ئایا ئەم گوتارە لەگەڵ کۆمەڵگا دێتەوە یاخود نا (فنور: 142).

3- ڕاڤەAnalysis: لە قۆناغی ڕاڤە، کردە کۆمەڵایەتی، ڕۆشنبیریی ڕەوتە کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیریە زاڵەکان و پەیوەندیەکانیان دەخاتەڕوو (فنور: 142).

## بەشی دووەم: بارودۆخی سیاسی عێراق و کاریگەری لەسەر گوتاری کوردی و ئاشووری (1991-1975)

### 2-1-بارودۆخی سیاسیی کورد و ئاشووری لە عێراق (1921-1991)

عێراقی نوێ لە دامەزراندنیەوە (1921-1936) کەوتبووە ژێر ئینتدابی بەریتانی. ئەم قۆناغە، زیاتر دیموکراسی و خاوەن دامەزراوە مەدەنیەکان بووە. ئەگەرچی کورد و ئاشووریەکان لەم قۆناغەدا ڕووبەڕووی چەندین کارەسات و نەهامەتی بوونەتەوە، بەڵام مانەوەی هەریەکەیان لە ناوچەکەدا، بۆ بەرژەوەندیی سیاسی، سەربازی و ئابووریی ئینگلیزەکان گرنگ بوو، هەروەک شاعیری کورد جەمال شارباژێڕی لە (ملوانکەی هەزار دەنکە1985)دا دەڵێت:

هاوپەیمانێکی بەرەی داگیرکەر

هات و بە جەستەی گەلانی ژێردەست

لیقی کرد بە پرد بە بەردی سەنگەر

لە ناخیانەوە دڵیانی دەگەست

باوکم یەکێک بوو لەو سەربازانەی(شارباژێڕی،2013: 299)

قۆناغی دووەم (1937-1958) عێراق دەچێتە قۆناغێکی مەترسیداری کودەتای سیاسی. ئەگەر لە ئینتدابی بەریتانی، بوونی دیموکراسی و پێکەوەژیان هەبووبێت، ئەوا عێراق کەوتە دەست کۆمەڵێک ئەفسەری سوننە، کە نەک هەر دژی مەدەنیەت بوون، بەڵکو دژی هەموو بەهایەکی دیموکراسی، بە تایبەتی هەردوو نەتەوەی کورد و ئاشووری بوون. ئەم قۆناغە سەرکوتکارەی عێراق. سێ حوکمڕانیی توندی یەک لە دوای یەک لێکەوتوەتەوە: (1) عبدالکریم قاسم (1958-1963). (2) عبدالسلام عارف و عبد الرحمن عارف. لەگەڵ (1963-1968). (1968-2003) (3) احمد حسن بکر، لەگەڵ سەدام حسێن، کە بە توندترین قۆناغ بۆ چەوساندنەوەی سیاسی، ڕۆشنبیری، کۆمەڵایەتیی نەتەوەی کورد و ئاشووری دادەنرێت (العساف،2010: 14-16). هەروەک شاعیر جەمال شارباژێڕی لە شیعری (بێکەسدا1985) دەڵێتەوە:

بۆیە بێکەسی مەزن ڕووی کردە

مانگی ڕوو زەردی وێڵ و سەرگەردان

تا بەشایەت بێت، کە چۆن ئەم کوردە

بیست و حەوت ساڵە لەژێر ئاگردان (شاربژێڕی،2013: 322)

لە ماوەی نێوان (1975-1991) کوردستان کەوتبووە ژێر کاریگەریی ئەو بارودۆخە سیاسیە خراپەی، کە لە ئەنجامی سیاسەتی شۆڤێنیی حزبی بەعسی عێراقی دژ بە کوردستانیان و بە تایبەتی کورد و ئاشووری هەیبووە. بە مەبەستی تێگەیشتن لە هەرەمی چەوسانەوەی کۆمەڵایەتی

(چینClass) و (تایفەCaste) و (ڕەگەزRace) گوتاری شیعرەکان بە شێوەیەکی ڕەخنەیی شیکردنەوەیان بۆ دەکەین.

## 2-2-بەراوردی گوتاری بەرەنگاری لە شیعری هاوچەرخی کوردی و ئاشووریدا

بۆ پێدانی ڕەهەندێکی جیهانی بە توێژینەوە، ڕێگای هەڵبژاردنی دەقەکان و ئارگیۆمێنتی گوتاری بەرەنگاریی کوردی و ئاشووری وەک چاکسازیی مەدەنی دژ بە ڕژێمی بەعس (1975-1991) بە تەکنیک و ستراتیژی بەرەنگاریی مەدەنی، جۆرج راسل لایکیGeorg Lakey 1937، (هۆشیاری نەتەوەیی-بیری نەتەوەیی: زمان، ڕەچەڵەک و مێژووی هاوبەش) کاردەکەین.

### 1-2-2-هۆشیاریی نەتەوەیی (بیری نەتەوەیی)

لایکی، لە تەکنیکی بیری نەتەوەیی ستراتیژەکەیدا بۆ بەرەنگاریی مەدەنی دەڵێت: "بەئاگاهێنانەوەی هۆشیاری، کە هاوواتای ئامادەکاری و هۆشیاریی کلتوورییە، هەنگاوێکی جەوهەرییە لە چالاکیی بەرەنگاریی مەدەنیدا. گرنگیی ئەم هەنگاوەش، تەنها لە ماوەی سەرەتاییی ئامادەکارییەکانی بەرەو ڕاگەیاندنی بەرەنگاریی مەدەنی نیە، بەڵکو پرۆسەیەکی بەردەوامە، هەوڵدەدات چوارچێوەی بەرەنگاری فراوانتر بکات و گەنجانی زیاتر بۆ ڕیزەکانی ڕابکێشێت، جگە لەوەی، کە هاندەری بەردەوامییانە لە چالاکیەکەی و بەرگەگرتنی ئەو سەختی و ئازارانەی، کە ڕەنگە ڕووبەڕووی ببنەوە. واتە هۆشیاریی بەئاگاهێنانەوە، هەوڵدەدات هەستکردن بە ئازار و ترس لە داهاتوویەکی ناسەلامەت، بگۆڕێت بۆ وزەی تەحەد" (خلف،1988: 145)، وەک لە دەقی شیعری شاعیری کوردیی شێرکۆ بێکەس (دوێنی و ئەمڕۆ-دەنگدانەوە1986) هاتووە و دەڵێت:

ئەگەر ئەمڕۆش
شیعرێکی من بووبێ بە تیر
نیشان: هەژاری ئەم گەلە ناوێتیەوە

کەوانم: دەربەندی شاخە

بۆیە شیعرم پڕ بە هەموو کوردستانم هاوار ئەکا:

من دەنگدانەوەی دەروون و زەنگی هەست و خورپەی دڵی گەلەکەمم (بێکەس،1986: 196)

ا-چەوساندنەوەی زمان: لایکی، لە ستراتیژەکەیدا بۆ تەکنیکی پاراستنی زمان لە خزمەت بەرەنگاریی مەدەنیدا دەڵێت: "زمان لقێکی گرنگی هۆشیاریی ڕۆشنبیری و بیری نەتەوەییە و هەنگاوێکی جەوهەریە بۆ چالاکیی بەرەنگاریی مەدەنی، چونکە ڕەگەزێکی سەرەکیی هۆشیاریی نەتەوەییە، بۆ هاندانی بەردەوامیی کار و چالاکیەکان دژ بەو تەحەددیانە، کە ڕووبەڕووی شۆڕش دەبنەوە" (خلف،1988: 145-146)، بۆیە د. قوستەنتین و د. ڕەفیق سابیرش جەختیان لێکردوەتەوە و مۆسلریش لەبارەیەوە دەڵێت: "زمانی نەتەوەیی، نیشتمانێکی ڕۆحیە، ئەو کەسانە لەخۆدەگرێت، کە لە نیشتمانەکەیان بێبەشکراون" (المبارک،1979: 20).

حزبی بەعس، هەر لە دامەزراندنیەوە (1947) لە ئەدەبیاتەکەیدا، ئایدیۆلۆژیای خۆی بەرانبەر بە پێکهاتەکان داڕشتوە (عێراق-سوریا-لوبنان). میشێل عەفلەق دامەزرێنەی حزبی بەعس لە کتێبەکەی (في سبيل البعث) لەبارەی کورد، ئاشووری و ئەرمەنی دەڵێت: "بەر لە نازی، کۆمەڵێک هەبووە هەڵگری فەلسەفەکەی بوونە لە دەرئەنجامی جەهالەتەکەیان. بە چینی بەرز سەیری عەرەبیان کردوە، بۆیە هەستیان بە هەڕەشە کردوە بەرانبەر بەم نەتەوەیە و کاردانەوەی نەتەوەپەرستیی کورد و ئاشووری و ئەرمەنی لێکەوتوەتەوە"(اشیثا،2025: 62).

کەسانێکی وەکو (زکی الاسوزی-میشێل عەفلەق-سەددام حسێن)، کە زمانی عەرەبییان بە زمانی بلیمەتی، پیرۆز و زمانی پێغەمبەران زانیوە و زمانەکانی تر بە کەمبایەخ، کاریگەریی نەرێنییان بەسەر بڕیارەکانی حکومەتی عێراق بۆ زمانی پێکهاتەکانی تر هەبووە، بۆیە دەبینین، کە سەرەڕای بڕیاری (446) (1969/9/28) بەندەکانی ڕێککەوتنی 11ی ئازاری (1970) و بەفەرمیکردنی زمانی کوردی لەپاڵ عەرەبی لە دەستووری کاتیی عێراق (مادە7-ب 1970)دا،

بەڵام گۆڕانکاریی بنەڕەتیی بەسەردا هاتوە و وەک خۆی جێبەجێنەکراوە. لە زۆربەی قوتابخانە، پەیمانگا و زانکۆکان (سەلاحەدین) زمانی عەرەبی خۆی زاڵکردبوو. لە نێوان ساڵانی (1983-1976) لە زۆربەی قوتابخانەکانی کوردستان، لە قۆناغی ناوەندیی و دواناوەندی، بابەتەکانی (مێژوو-جوگرافیا-پەروەردە) بە زمانی عەرەبی خوێندراون، تەنها زانستەکانی وەکو (فیزیا-کیمیا) بە کوردی بوونە (رحمان،2014: 54).

ڕژێمی بەعس، خراپترین ستراتیژی سیاسی بەرانبەر بە زمانی کوردی بەکارهێناوە. دەستیداوەتە جۆرەها هێرش بۆ سەر کورد هەر لە ڕاگواستن، تەعریبکردن، ئەنفال، دەربەدەرکردن و چۆڵکردنی گوند بۆ شێواندنی سیما و تایبەتمەندیی کورد و قەدەغەکردنی زمانەکەی، بەڵام نووسینی شاعیران بۆ شیعری بەرەنگاری و سیاسی بە زمانی کوردی، یەکەم وەڵامی توندی کورد بووە بۆ پاراستنی شوناسی زمانەکەی دژ بە فاشیست، واتە گوتاری تێگەیاندنی دوژمن بووە و زمان وەک گوللەی تفەنگ ڕووبەڕووی بەعس بووەتە. بڕوابوونیش بە زمانی مەرگدۆستی لە شیعری بەرەنگاری، دوا چارەسەربووە بۆ پاراستنی شوناسی زمانی کوردی، بۆیە دەبینین، کە شاعیر لەتیف هەڵمەت لە شیعری (سەرەتای ئەوینێک1977)دا دەڵێت:

شاعیرەکان من زمانی خۆمم بڕی

لە منالّی هەژارەکان

فەرهەنگێکی ترم کڕی...(هەڵمەت،2014: 150)

شاعیر پەنا دەباتە بەر گۆڕینی زمانی ئاشتی بۆ تفەنگ، چونکە تەنها وەڵامی لۆژیکی فاشیست بووە لەو سەردەمەدا. دوژمن بڕوای بە پێکەوەژیانی زمانەکان نەبووە، بۆیە بە زمانی پێشمەرگە، کە زمانی تێکشکێنەری بەعس بووە، وەڵامدراوەتەوە. لەلایەکی تر، بۆ ڕووخاندنی ورەی سەربازانی فاشیست و بەرزکردنەوەی ورەی پێشمەرگە، شاعیر بە تەنزەوە دەڵێت:

هاوارم کرد...

شمشێرەکەی خەلیفە تەنیا کییفە

لەم بارودۆخە سەختەدا، لەسەر شاعیران پێویست بووە بە هۆشیارکردنەوە بەرەنگاری دوژمن ببنەوە، بۆ پاراستنی زمانی میللەتەکەی، بۆیە دەبینین، کە شاعیری کورد (شێرکۆ بێکەس) لە شیعری (درەنگە1986)دا دەڵێت:

کێرد بەبێ کییف ئەگەڕێت و سەر بە دەرگای

هەموو برینێکدا ئەکات

سەر ئەکەوێتە سەر کەژو هەوار هەوار

بۆ بەرەو خوار ڕاپێچ ئەکات

کێرد قینێکی ڕەشی تیژە و زمانی کوردی ئەبڕێت و

گوڵ لە باخچە و دەغڵ لە کێڵگە دەرئەکات(بێکەس،1986: 13-14).

وزەی شاعیر بۆ هەڵبژاردنی وشە بۆ پێکهاتەی شیعرەکەی، ئایدیۆلۆژیای گوتارەکەیان گەیاندوە، چونکە زمان و مێژووی نەتەوەکەی، لە بیرێکی بەرەنگاری ناوە، واتە هەست و سۆزی کورد بە گشتی و سیاسی و هێزی پێشمەرگە بە تایبەتی بەرانبەر بە ستەمی بەعس، ڕایکێشاوە و گیانی بەرەنگاری بەهێزکردوە. بەکارهێنانی (کێرد) ئاماژەیە بۆ سەربازی فاشیستی ڕژێم. دانانی ڕستەی (بەبێ کییف ئەگەڕێت) هێمایە بۆ ئەوەی بەعس بە ئاشکرا ماڵبەماڵی کورد دەگەڕێت. لە ڕستەی هێمائامێزی (بەرەو خوار ڕاپێچ ئەکات) دیمەنی واقیعی گیراوانی کورد، کە بۆ خوارووی عێراق دەگوازرانەوە، دەکێشێت. هەڵبژاردنی بۆ (قینی ڕەش) هێماکردنە بۆ دڕندەیی پیلانی بەعس بۆ لەناوبردنی زمانی کوردی، چونکە ڕستەی (زمانی کوردی دەبڕێت) بە ئاشکرا ئاماژەیە بۆ پلانی دیکتاتۆر. بە سوودوەرگرتنیش لە ڕستەکانی (کێرد بەبێ کیف-سەر ئەکەوێتە سەر کەژوو-بڕینی زمانی کوردی-ڕاپێچ کردن بۆ خوارەوە: ڕەمزی گۆڕینی دیموگرافییە) وێنەی دڕندەیی بەعسی نیشانداوە. واتە دڵنیایی شێواندن و لەناوبردنی زمانی کوردی کردوە، چونکە

زۆرێک لەوانەی بۆ ناوەڕاست و باشووری عێراق گواستراونەتەوە، ئەگەر دواتر بە زیندوویی گەڕابێتنەوە، بەڵام لاوازیی زمانی کوردی، یاخود هەر نەزانینی زمانی کوردییان پێوە دیارە.

تۆن و سەنگی دەق، گوتارێکی مێژوویی کاتە (درەنگە) بۆ میللەتەکەی، کە تێیدا داوا لە شۆڕشگێڕان دەکات، هەرچی زووە دەستی چەپەڵی جەلادی بەعس ببڕن. بەڵگەنامەیەکی ئەدەبی–سیاسیە، جەوهەری پرسی زمانی کوردی دەخاتەڕوو و بەجدی هەوڵی هۆشیارکردنەوەی عەقڵیLogos و بوژاندنەوەی وێژدانی هەستیPathos (اللطیف،2020: 239) نەتەوەیە، واتە ڕوو لە عەقڵ و هەست دەکات بۆ دەرخستنی سەرکوتکاریی بەعس و ململانێی هەژموونی دەسەڵات و بەرەنگاران لە ڕێگای زمان دەخاتەڕوو، چونکە شاعیر هۆشیاربووە، کە شیعری بەرەنگاری، بە تایبەتی لە کاتی شۆڕش و جەنگدا، ڕۆڵی سەرەکیی جۆشدان و کاریگەریی بەهێزی بیری نەتەوەیی هەیە. سۆزبەندی شاعیر و زمانەکەی، ڕاشکاوانەی زێدەڕۆیی فاشیست بۆ سەر زمانی کوردی دەردەخات، بۆیە دووبارەکردنەوەی La reiteration (البعطاوی،2018: 553) (کێرد) گوتارێکی هەڕەشەئامێزی سەر زمانی کوردیە، ڕەخنەی ئاشکرایە over polemic(اللطیف،2020: 269)، کە سیستەمی حوکمڕانیی بەعس، سزای زمانی کوردی دەدات.

شاعیر لە بەشێکی تری دەقەکەیدا، هەڕەشەیەکی توند لە فاشیست دەکات، لە نێوان پابەندبوون بە دەستوور و هەڵوەشاندنەوەی. ئەم لەبۆسەنانەی زمانی کوردیش، قبووڵکراو نیە و دەسەڵاتی بەعس دەخاتە بەردەم وەڵامێکی بەهێزی خەباتی سەدان ساڵەی میللەتێک بۆ زمانەکەی، بۆیە بە ڕاشکاوانە دەڵێتەوە:

هاوڕێکەم شاعیر نییە، مامۆستای سەرەتایی یە

بیست ساڵە حەرف ئەچێنێ...

هەموو ڕۆژێ لە تاریکیی هەڵ ئەنوتی و واز ناهێنێ

هەموو ڕۆژی بەسەر ڕێگەی تەباشیرا دێت و ئەچێ

و تۆز چاویلکەکەی ئەخوات و واز ناهێنێ(بێکەس،1986: 84-85)

گوتارەکەی زۆر بە ڕوونی ئەوە ڕەتیدەکاتەوە، کە زمانەکەی تەنها ژێردەستەی زمانی عەرەبی بێت، ئەو مامەڵە و ڕەفتارەی، کە فاشیست لەگەڵیدا دەیکەن، عەقڵیەتێکی پاشکەوتووی دڕندەییە، بۆیە شاعیر گوتارەکەی داواکاری بۆ بەفەرمیبوونی زمانی کوردی، دەباتە قۆناغێکی هەڕەشە و ڕاستەوخۆ بە ڕژێم دەڵێت، هەر دەستوەردانێک لە زمانی کوردی، دەستبڕینی هەیە، چونکە ئەم زمانە بە کەرامەت و خەبات و شەهیدان بەدەستهاتوە. بە ئاشکراش بە بەعس دەڵێت، ئەگەر کورد بەشێکە لە نیشتمان، واز لەم ڕەگەزپەرستیە بێنن و ئەم ئایدیۆلۆژیایە پوچەڵبکەنەوە.

یاخود کاتێک شاعیر جەمال شارباژێڕی بە زمانی کوردی دژی فاشیست هاواردەکات و دەڵێت:

هاوار بکەن

زبانی کوردی ڕەسەنە...

درەختێکە ڕەگ داکوتاوی قووڵایی مێژووی دێرین و سەردەمە

هی خۆیەتی و هەر دەمێنێ بێ کۆتایی

نە هی ڕۆمە و نە هی عەرەبە و نە عەجەمە(شارباژێڕی،2013: 156-157)

ئایدیۆلۆژیای سیاسەتی فاشیست، کاریگەریی نەرێنی بەسەر دەوڵەت بۆ هەڵوەشاندنەوەی زمانی ئاشووری هەبوە. بۆ نموونە لە دەستووری کاتیی عێراق (1970) لە دەروازەی یەکەم و (مادە 7-ب) بە یاسا زمانی ئاشووری لەناو زمانەکانی عێراق دەسڕێتەوە کاتێک، تێیدا دەخوێنین: "ا- زمانی عەرەبی، زمانی فەرمیە. ب- لە شوێنە کوردنشینەکان، زمانی کوردی لەپاڵ زمانی عەرەبی دەبێتە فەرمی"(الدستور المؤقت، 1970: 101)، واتە هیچ ئاماژەیەک بە زمانی ئاشووری لە عێراق نەکراوە تەنها لە ساڵی (1972/4/16) بڕیارێک بە ژمارە (251)(دونابید،2023: 260) دەردەکات بە ناوی (مافی ڕۆشنبیری بۆ ئاخێوەرانی سریانی=ئاشووری کەلدانی سریان-الحقوق الثقافية للناطقين باللغة السريانية من الاثوريين الكلدان السريان)(روفائيل و بنيامين،1973: 7).

شاعیری ئاشووری (داود ئیشمائیل1980) لە شیعری (سڵاوی ئاشووری) دەڵێت:

خۆشەویستیم بۆ هەر (ئاتورایيەک) ئاشوورییەک سڵاو و

خوێن پاک بۆ نەتەوەکەی

سەرەڕای ون بوونی لە جیهان و ئاوەرەیی

هێشتا دەپارێزێت زمانی دایکەکەی(ئیشمائێل: 1980)

تۆنی دەقی شاعیر. بە ڕاشکاوانە بە فاشیست دەڵێت (ئێمەی ئاشووری و ئێوەی بەعس) جیاوازیی ئایدیۆلۆژیا و بایەلۆژیمان زۆرە، زمان، سەرەکیترینیانە. پەیامی توندی شاعیر بۆ دەسەڵاتدارانی بەعس، شانازیکردنە بە زمانی ئاشووری. سۆزبەندی شاعیر و زمانەکەی و ڕاستەوخۆ سڵاو ناردن بۆ ئاشوورییەکان لە کاتی گونجاوForegounding(اللطيف،2020: 214) هەم خاڵی سەرەکیی گوتارە، هەمیش گوتارێکە بۆ بوون و وجودی پاک و بێگەردی ئاشوورییەکان و زمانیان دژ بە بڕیارەکانی بەعسی (1970-1972). تەنانەت شاعیر ئایدیۆلۆژیایەکی بەکارهێناوە لە دەقەکەی، لە بری (ئاشووری) ناوی (ئاتورایێ)ی بەکارهێناوە، وەک هەڵویستێک دژ بە بڕیارەکە و قەدەغەکردنی بەکارهێنانی (ئاشووری-ئاتۆرایێ) بۆ ئاشوورییەکان، کە دەبوایە تاکی ئاشووری بڵێت (ئاثووری)، واتە بە پیتی (ث) نەک (ش-ت)، چونکە سەردەمی بەعس، بەو هزرە سەیری ئاشوورییەکانی دەکرد، کە کۆمەڵەیەکی نوێن بۆ عێراق و ڕەگوڕیشەیان ناگەڕێتەوە بۆ ئاشوورییەکانی دێرین و پەیوەندییان بە عێراقەوە نیە (شبيرا،2001: 16)، بەڵکو (ئاثوورین)، بۆیە ڕۆژنامە و گۆڤارەکانیش تەنها بە ناوی سریان/ئاثووری ڕێگاپێدراوبووە وەکو (قالا سوریایا-دەنگی سریانی1973، سەپرا ئاسوریایا-نووسەری سریانی1972، موردنا ئاثوورایا-ڕۆشنبیری ئاثووری1977). شاعیر بە دەنگێکی بەرز و ڕاشکاوانە بە فاشیست دەڵێتەوە:

زمانی دایک ڕێز و شانازیە

به مێژووی ئاشووریش شانازیمان هەیە

لەلایەکی تردا، شاعیر ئۆشانا میرزا لە شیعری (زمانی دایک1991) زۆر بە ڕوونی و بە توندی بەرگری لە زمانەکەی دەکات و وشەکانی شیعرەکەی وەکو گوللەی تفەنگی شۆڕشگێڕ، بە ڕووی بەعسی سەرکوتکار دەتەقێنێتەوە و دەڵێت:

زمانی خۆم دەخوێنم (ئەلف-شین-واو-ڕێ)=ئاشووری

ناوی وڵاتەکەم دەنووسم (ئەلف-تا-واو-ڕێ)ئاتوور=ئاشوور(میرزا: 1991)

گوتاری شاعیری کورد و ئاشووری بۆ بەرپەرچدانەوەی فاشیست، لە یەک دەچێت، چونکە لە یەک مێژوو و جوگرافیا و یەک مەترسیی تەعریب و گۆڕینی دیموگرافییان هەبووە بۆ سڕینەوەی زمانیان، بەڵام ئەوەی جیاوازە. زمانی کوردی، بە یاسا و دەستووری کاتیی عێراق (مادە 7-ب 1970) وەک زمانی فەرمی لەپاڵ زمانی عەرەبی ناسێندرابوو (هەرچەندە زمانی قووڵ قەدەغە بووە)، هەروەها کورد بەهۆی ژمارەی زۆری ئاخێوەرانی و ڕێکخراوتری لایەنی سیاسی، بە تایبەتی (حزبی پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتمانی کوردستان) و هێزی سەربازی (پێشمەرگە) و پاڵپشتیی دەرەکی، کەمتر هەست بە مەترسیی سڕینەوەی زمانی کردووە. لە بارانبەر ئەمەدا، زمانی ئاشووری، مەترسیی سڕینەوەی زیاتری لەسەر بووە. لەلایەک، بڕیاری سیاسی و یاسایی و دەستووری (1970-1972)، کە بە هەموو شێوەیەک قەدەغەکرابوو، تەنانەت قەدەغە بووە بڵێیت ئاشووری، لەلایەکی ترەوە، کەمیی ئاخێوەرانی و ناڕێکخراوی سیاسی و سەربازی، بۆیە دەبینین شاعیر، بە ناچاری، پەنای زیاتری بردووەتە بەر مەدەنیەت و بە شێوەی مەنهەجی، گوتاری پاراستنی زمانی ئاشووری بەیان کردوە، واتە سەرچاوەی هێزی گوتارەکەی تەنها زمان بووە.

ب-سڕینەوەی ڕەچەڵەک: یەکێک لە تەکنیکە گرنگەکانی ستراتیژی لایکی بۆ مانەوەی ڕەچەڵەک: "ئیرادەی تەحددی بەهێزی دەستەجەمعیی نەتەوە و کۆمەڵگایە بۆ گۆڕینی هەستی نەرێنی وەکو

ترس، ئازار و متمانەبەخۆنەبوونی نەتەوەیی بۆ وزەیەکی ئەرێنی و ئینتمای نەتەوەیی"(خلف،1988: 146)، کە ئەمەش ڕۆڵێکی کاریگەری گێڕاوە لە خۆڕاگری و نەگۆڕیی ڕەچەڵەکی کورد و ئاشووری سەرەڕای کوشتنی بە کۆمەڵ و گۆڕینی دیموگرافیا...هتد.

ڕژێمی بەعس، بۆ شێواندن و گۆڕینی پێکهاتەی ڕەچەڵەکی کورد و ئاشووری، ستراتیژی (الاراضي الخالية من السكانNo mans land) بە پانتایی (20کم) لەسەر سنووری تورکیا، ئێران، عێراق لە ساڵی (1976) بەکارهێناوە. کە زۆر جار بە (الحزام العربي) پشتێنەی عەرەبی ناوبراوە و تێیدا ڕاگواستنی زۆرەملێی کورد و ئاشووری بۆ ئۆردوگاکان ئەنجامداوە، بەڵام وەک سیاسەتێکی فاشیستیی بەعسی، ئەمەی بۆ میدیای ناوەخۆ و جیهانی بە ناوی (گوندی هاوچەرخ) داناوە (لازاریف و ئەوانی تر،2011: 339-340) و (کوربیل،2019: 74-75). هەروەک شاعیری کوردی جەمال شارباژێڕی بە ڕوونی ئاماژە بەم ئایدیۆلۆیایە دەکات و دەڵێت:

بەتایبەتی ئەو مەڵبەندانەی داگیرکەر ناوی ناون سنورەکان

لە زاخۆوە تا دەگاتە هەورامان و بەدرە و زەهاو

بێجگە لە چەوساوەکانی هەموو گەرمیان و کوێستانی کوردستان

جەنگ و زەبروزەنگ و سەنگی سەرگەردانی کۆچە و دوا کۆچ (شارباژێڕی،2013: 20)

لەلایەکی ترەوە، (تصحيح القومية) ناونووسکردنی کورد و ئاشووری بە عەرەب و هەڵمەتی سەربازی (1974-1975)، کە دواجار بۆ بەرژەوەندیی عەرەب شکایەوە لە جینۆسایدە بێدەنگەکەی (سەرژمێری1977) کاریگەریی نەرێنی هەبووە بەسەر کورد و ئاشووری (محەمەد،2013: 10) و (کوربیل،2019: 74-75).

دەسەڵاتی بەعس، بە ئایدیۆلۆژیایەکی ڕەگەزپەرستانە مامەڵەی لەگەڵ کورد و ئاشووری کردوە. (امه عربية واحدة... ذات رسالة خالدة) زەقترین نموونەی پەیامی نەمری (رسالة خالدة) عەرەبە، واتە ئەوەی بە ڕەگەز عەرەب نین و خاوەن تایبەتمەندیی جیاوازن، پێویستە لە خزمەت

عەرەبی عروبە بن. تەنانەت ئەمینداری گشتیی حزبی بەعس لە گوتارێک سەبارەت بە کورد دەڵێت: "کوردەکان بە درێژایی چەند سەدەیەک هاوڵاتیی عەرەب بوون وەکو برا عەرەبە موسڵمانەکانیان و هیچ جیاوازیەکیان لە نێوانیاندا نیە"(رحمان،2014: 56). بۆ ئاشووریەکانیش، ڕژێمی بەعس، بە تایبەتی لەو بەیانەی، کە نوێنەرایەتیی عێراق لە ڕۆژنامەی (دویتج جانی تسایتۆنجی ئەڵمانی) کۆمەڵەی گەلان بڵاویکردبووەوە تێیدا هاتبوو: "ناولێنانی ئاشووریەکان، دروست نیە، چونکە نەوەی ئاشووریەکان نین، تەنیا کۆمەڵەیەکی ئاینین و کۆمەڵەی گەلان بە هەڵە ناویناون ئاشووریەکان"(الحیدری،1973: 31).

شاعیری کوردی لەتیف هەڵمەت لە شیعری (ڕەگ و خاک1977)دا وەڵامێکی توندی هێرشی ڕەشەبای فاشیست بۆ برینی ڕەگی کورد لە خاک و نەتەوەکەی دەداتەوە و دەڵێت:

ڕەشەبایەک هەڵی کرد خۆم حەشاردا

دار بەڕوویەک پێم پێکەنی تۆ لە رەشەبا ناترس..؟

من سەد ساڵە دژی ڕەشەبا دەجەنگم

من سەد ساڵە تەوری چەپەڵی ڕەشەبا

دەمبڕێت و هەر ناگاتە بنج و ڕەگم(هەڵمەت،2014: 96)

پێکهاتەی وشە و ڕستەی شاعیر و زمانە میتافۆرئامێزەکەی.. تۆنێکی بەهێزیان داوەتە دەق و وەکو پێشمەرگەیەک لە جەنگدا، ڕووبەڕووی دوژمن وەستاونەتەوە و بوونەتە خۆراکی خۆڕاگری و بەرەنگاری. هەڵبژاردنی بۆ وشەی (ڕەشەبا) ئاماژەیە بۆ هێزی سەربازیی فاشیستی بەعس. دانانی (داربەڕوو) دژی ڕەشابایە و هێمای خۆڕاگری پێشمەرگە و میللەتی کوردە. بەکارهێنانی بۆ ڕستەی (سەد ساڵە دژی ڕەشەبای چەپەڵ دەجەنگم) هێمای خۆڕاگری و بەرەنگاریی کوردە دژ بە دەسەڵاتی جەللادی عێراقی نوێ. ئاماژەی ناو ڕستەی (دەمبڕێت و ناگاتە بنج و ڕەگم)

ڕەمزی خۆڕاگریی کورد، واتە فاشیست بە هەموو هێز و شێوەیەک هەوڵی لەناوبردنم دەدات، بەڵام ناتوانێت ڕەچەڵەکم بگۆڕێت و ڕەگم ببڕێت.

زمانزانیی شاعیر، گوتارێکی توندی مێژوویی مانەوە و خۆڕاگری و بەرەنگاریی سەد ساڵەی کورد لەژێر دەسەڵاتی سەرکوتکار دەنێرێت (ناتوانن لەناومان ببەن)، جگە لە بەرەنگاریی جەستەیی، لە ئاست وشە ڕێگری لە دڕندەیی فاشیست دەگرێت. سیاسەت و شۆڕشگێڕیی شاعیر، سروشت لە دۆخێکی مەتیریالی و جوانی، گۆڕیوە بۆ ڕەگەزێکی خۆڕاگر و خەسڵەتی بەگژداچوونەوەی پێداوە دژ بە بەعس، واتە وێنەسازی سیاسیی شاعیر، سروشت لە بێدەسەڵاتی بەرانبەر بە مرۆڤ، دەکاتە هێمای خۆڕاگری و بەرەنگاری. لە واقیع، وشەکان مردوون، بەڵام لەم دەقەدا (داربەڕوو-ڕەشەبا-تەور-برین-ڕەگ) زیندوێتیی بە وشەکان بەخشیوە، هانی هەستی نەتەوەییPathos شۆڕشگێڕانی داوە و بیری نەتەوەییانLogos بەهێزکردوە. لە سیاقی دەقدا، کیانی کورد خراوەتە بەر هەڕەشەی لەناوبردن بە دەست جەللادەکانی فاشیست (تەوری چەپەڵ). دژبەیەکی (ڕەشەبا) هێزی دەرەکیی دوژمنی وێرانکەرە و (داربەڕوو) خۆڕاگری و مێژووی درێژی کوردی، ئایدیۆلۆژیایەکە، گوتارەکەی کەمکردن لە دوژمن و بەرزکردنەوەی ورەی بەرەنگاریە، چونکە دار ئەگەر لاوازە، بەڵام بەرگەی ڕەشەبا دەگرێت، بۆیە بەڵگەیەکی بەهێزی سەلمێندراوەIragument pragmaitique (البعطاوی،2018: 549). مانای (داربەڕوو)ی شاعیر. گوتارێکی بەهێزی زمانی سیاسی و سەربازیی کوردیە، بۆیە شاعیر کردویەتی بە ستراتیژی خۆی بۆ بەهێزکردنی گوتارەکەی، بۆیە لە شیعرێکی تردا (کۆچێک لە وەرزێکی تردا1977) دەڵێت:

وەک پیرە دار بەڕووی بەتین.. وەکو هەلگورد.. وەک هەندرێن..

لەم خاکەدا ڕەگ داکوتین.. هەر بژین و هەر بژین

ئێمە نامرین، گەر مردیشین هەر لەم خاکەدا دەمرین(هەڵمەت،2014: 95)

لە بارودۆخێکی دژواری وادا، شاعیری کوردی (سامی شۆڕش) زۆر بوێرانە، هەڵوێستی خۆڕاگریی تاکی کوردی بۆ داگیرکەر دەنێرێت. ڕەخنەیەکی توندیش لە هەوڵی بەعس بۆ سڕینەوەی کورد دەگرێت کاتێک، کە لە شیعری (سروودی هەڵسانەوە1982)دا دەڵێت:

بە هەندرێنی کورد بڵێن

هەزارەها گوریسەی خوێن بە تۆ ئەمانبەستێتەوە(ئەحمەد،2022: 136)

شاعیر (شێرکۆ بێکەس)یش جەخت لەمە دەکاتەوە لە شیعری (هەڵگوردی پ. م.1985)دا دەنووسێت و دەڵێت:

ئێستە جێگەی ئەم هەڵگوردە

ژووری هەناوی جۆش خواردووی کوردستان و دڵی کوردە (بێکەس،1986: 238)

شاعیران، سیفەتی دواندنیان لەگەڵ شوێن و جوگرافیا (چیا=کوردستان) بەکارهێناوە بۆ دەرخستنی ڕاستیەکانpragmaitique Iragument و هۆشیاریی عەقڵیLogos و بەهێزکردنی هەستی نەتەوەییPathos. لە گوتارەکانیان، مەفهومی چیا دەنێرن، واتە بەعەرەبکردن، ڕاگواستن، گۆڕینی دیموگرافی و چۆلکردنی گوند(کوربیل،2019:74-75) بە کاریگەریی کاتی دادەنێن، چونکە چیا، نە لەبندێت، نە شوێنەکەشی دەگۆڕێت. لە پەندی پێشینان و ئەدەبیاتی سیاسیی کوردیش هاتوە، کە: "تاکە دۆستی کورد چیاکانن" (عوسمان،1399: 194)، واتە ڕەگی کورد، ناوچەی شاخاویە نەک بیابان، بۆیە شاعیران گوتارێک بۆ داگیرکەر دەنێرن، کە خوێن و دڵی نەوەکانی کورد لەگەڵ چیا دەنەخشێنن، "خوێنیش بە خوێن دەشورێتەوە نەک ئاو" کورد گوتەنی. بەکارهێنانیان بۆ (گوریس=ڕەگ) و (هەندرێن و هەڵگورد=ناوێکی کوردی) گوتارێک بۆ ڕژێم دەنێرێت، کە هەر هەوڵێک بۆ شێواندنی ڕەچەڵەکی کوردی و بەعەرەبکردنی، سەرناگرێت، چونکە ئایدیۆلۆژیای شاعیر لە ناو گوتارەکەی، جۆرێکە لە پەیوەندیی بایەلۆژی

نێوان چیا و کورد، کە بە خوێن بەستراون، هەروەک شاعیر عەونی لە شیعری (خەون و خەو1985)دا دەڵێت:

من بەشێکی وەتەنی کوردم و کوردستانم

خاوەنی مێژووەکی کۆن و هەزار داستانم(عەونی،1997: 81)

شاعیری ئاشووریش (بنیامێن بنیامێن) بۆ هۆشیارکردنەوەی ڕۆڵەی نەتەوەکەی لەبارەی مەترسیی ڕەگەزەوە، لە شیعری (ئاشوورییەکان1976)دا دەڵێت:

ئاشووریم و ڕۆڵەی ئاشووریم.. چەندە دووره وڵاتبم من ئاشووریم

ئاشوورییەک نییە ژیان فیدایی و خوێن ڕشتنی بۆ نەینەوا لە بیرکات(بنیامێن: 1976)

تێبینی دەق دەکەین، کە شاعیر کۆمەڵە وشەیەکی فەرهەنگیی ئاسیۆرۆلۆژی (ئاشووری) وەک شۆڕشێکی مەدەنی دژ بە دوژمن بەکارهێناوە. دانانی بۆ (ئاشووریم) هێمایە بۆ نەوەی ئاشوور، یەکلاکەرەوەی ڕەچەڵەکی ئاشووریە و گەڕاندنەوەیانە بۆ ڕەگ. لە ڕستەی (چەندە دووره وڵاتبم من ئاشووریم) جەختکردنە لە ئاشووریبوون؛ سەرەڕای سیاسەتی سەرکوتکاری فاشیست بۆ ئاشووریەکان و دەرکردنیان لەسەر خاکی باب و باپیرانیان. هەڵبژاردنی (نەینەوا) ڕەمزی شارستانی و سیاسی و گیانفیدایی ئاشووریەکانە. لە ڕستەی (خوێنڕشتن) دووپاتکردنەوەی قوربانیدانە بۆ گەڕاندنەوەی هێز و دەسەلاتی ڕابردوو.

شاعیر ڕەخنەیەکی ئاشکرای over polemic توند لە سیاسەتی فاشیست دەگرێت و بە ڕاشکاوانە بەدەمیان هاوار دەکات من بە ئایدیۆلۆژیا و بایەلۆژی (ئاشووریم) نەوەی ئاشوور و نەینەوام. بەرپەرچی ئایدیۆلۆژیای بەعس دەداتەوە و ڕەگ و ریشەی مێژوویی ئاشووریەکان وەک نموونەی سەلمێندراو Iragument pragmaitique بەرانبەر هەڕەشەی سەرکوتکار دادەنێت. ڕاستەوخۆ ناوهێنانی ئاشووری و لە کاتی گونجاو Foregounding و دووبارەکردنەوەی La reiteration بۆ (4) جار، بە ئاگاهێنانەوەی جەللادە لە ئیرادەی بەهێز و

مۆرالی بەرزی ئاشووریەکان لە پاراستنی گەلەکەیاندا. شاعیر، شاری مێژوویی ئاشووری (نەینەوا) وەک هێمایەک بۆ جیاوازیی نەتەوەیی ئاشووری و دوژمن تەوزیفکردووە و ناسنامەی ئاشووری لەسەر بونیادناوە، بۆیە بەگژ بەعسدا چووەتەوە و گوتارێکی توندی بۆ ناردوە، کە ئێمەی نەوەی نوێی ئاشوور، لە بزاڤی ڕزگاریخوازیی نەتەوە و خاک بەردەوامین، واتە ئاستی گوتارەکەی لە تەنها مانەوەی وەکو ڕەچەڵک، هەڵکشاوە بۆ ئاستی داواکاریی سیاسی و نەتەوەیی (خوێن ڕشتنمان بۆ نەینەوا لە بیرناکەین) ئێمە تەنها کۆمەڵەیەکی نوێی ئاینی نین لەسەر عێراق، ئێمە خاوەن خاک و نەوەی ئاشووریەکانین.

شاعیر لە کۆپلەیەکی تردا دەڵێت:

مرۆڤ نییە جیام بکاتەوە      بە خوێن و جەستە ئاشوورییم

هەروەک شاعیر گیورگیس ئەگاسی لە شیعری (کچی عەشتار1986) گوتارێکی توند بۆ فاشیست دەنێرێت و دەڵێت:

ئاشوور دووبارە براوەیە بەسەر دوژمندا سەرکەوتووە

ناوەکەشی بەسەر زەوی بە بەرزی دەبینمەوە(ئەگاسی: 1986)

ئەم بەرزکردنەوەی مۆڕال و ئیلهام بەخشینە و پەروەردەکردنی یەکگرتوویی ئاشووریەکان، تەحەددای بەعسی پێ کردوە و ترسی خستوەتە دڵی جەللادی فاشیست، لە هەر هەوڵێکی سڕینەوەی ئاشووری، باجەکەی قورس دەبێت بۆ حکومەتەکەتان.

بەعس بە بڕیارەکانی، هەوڵی لەڕەگهەڵکێشانی کورد و ئاشووری داوە بۆ بەرژەوەندیی عەرەب. شاعیرانی کورد و ئاشووریش، ڕووبەڕووی هەڵوەشاندنەوەی ئەم ئایدیۆلۆژیایە بوونەتەوە، بۆیە گوتارەکان لەیەک نزیکن، بەڵام ئەوەی تێبینی دەکرێت. بەپێی دەستووری کاتیی عێراق، دان بە ڕەگەزی کوردی و زمان و ئۆتۆنۆمیی ناوچەی کوردی ناوە لە (مادە 7-ب، مادە 8-ج)، هەروەها کورد، بەرەنگاری سیاسەتی بەعس بووەتەوە و لە ڕێگای شۆڕشی چەکداری و هێزی پێشمەرگە،

واقیعی خۆی بەسەر زەمینەی سیاسی عێراق سەپاندوە، بۆیە گوتارەکانیان، زیاتر پاڵپشتیی یاسایی و هێزیان هەبووە، واتە لە پاڵ بەرەنگاریی مەدەنی، بە بەرەنگاریی هێزی سەربازیی شەرعی بارگاویکراون، بۆیە سەرچاوەی هێزی گوتاری کوردی، زمان و لایەنی سیاسی و سەربازی (پێشمەرگە) و ڕێژەی نەتەوەی کورد، کە دووەمە لەسەر ئاستی دانیشتووانی عێراق، بەڵام بۆ ئاشووریەکان، پێچەوانە بووە. لەلایەک بە بڕیاری ئەنجوومەنی قیادەی سەورا و سەرکردایەتیی احمد حسن بکر ڕێکەوتی (1972/4/26) و بەیانی (دویتج جانی تسایتۆنجی ئەڵمانی) ئاشووریەکانی بە نامۆ بۆ سەر خاکی عێراق زانیوە و بە کۆمەڵەیەکی نوێ دانراون، کە پەیوەندییان بە عێراق و ئاشووریە دێرینەکان نیە، واتە ڕەگوڕیشەیان ناگەڕێتەوە ئاشووریەکان و عێراق.. لەلایەکی ترەوە، ژمارەیەکی کەمی شۆڕشگێرانی لە شاخ هەبووە لە بەرەی کورد، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ کەمیی ژمارەی ئاشووریەکان لە عێراق لەچاو کورد، هەروەها نەبوونی هێزێکی سیاسی و سەربازیی ڕێکخراو، بۆیە گوتارەکانیان زیاتر ڕووی هزریان پێوە دیارە لەوەی، کە بە هێز بارگاویکرابن.

ت-شێواندنی مێژووی هاوبەش: چەمکی مێژووی هاوبەش لە ستراتیژیەکانی بەرەنگاریی مەدەنی لایکیدا: "پشت بە بەکارهێنانی دۆزی مێژوویی هاوبەش و یەکگرتوو دەبەستێت بۆ بەهێزکردنی هاودەنگیی کۆمەڵایەتی و ڕووبەڕووبوونەوەی ئاستەنگەکان.. بۆیە ئەم تەکنیکە، بۆ دروستکردنی هۆشیاریەکی بە کۆمەڵ لەبارەی ئینتمای تاکەکان بۆ ڕابردوویەکی هاوبەش" (خلف،1988: 145-146). هەروەک شاعیر عەونی لە شیعری (خانمی مەی گێڕ1981-1982)دا دەڵێت:

چاکە خۆم ئامادەکەم بۆ بەرگری     دوژمن لاسارە دەست هەڵناگری

ڕیزی خۆم ڕێک خەم بە زانست و هۆش     هێزی خۆم یەک خەم وەکو هەنگ بێمە جۆش

تا بەیەک هێرش لە مەیدانی نەبەرد     دوژمنم پەرت کەم ببێتە تۆز و گەرد

کورد لە کوردستان بمێنێ یەک نەفەر    نابێ داگیرکەر بکا گەشت و گوزار

کورد هەیە! کورد خوا موعین بێ هەر دەژی

نایەڵێ قەت خەونی دوژمن بێتە دی(عەونی،1997: 154-157)

شاعیری کوردیش، شێرکۆ بێکەس، لە شیعری (1984بانگ)دا دژ بە بڕیارەکانی بەعس بۆ پارچەپارچەکردنی جەستەی مێژووی کورد و کوردستانی هاوبەش، هەروەها ئەو بەشە کوردیە، کە بۆ بەرژەوەندیی خۆیان لەگەڵ ئایدیۆلۆژی بەعس کاردەکەن "لەگەڵ بەرخ شین دەکەن و لەگەڵ گورگ گۆشت دەخۆن"(مستەفا،2015: 68)، واتە ئەوانی پشت لە نەتەوەکەیان دەکەن، دەڵێت:

گورگن و ناپرسن بۆ ئەوان گۆشت گۆشت

سۆران بێ و بادینان  کورد کوردە!(بێکەس،1986: 211)

پێکهاتەی زمانی شیعری، وشە و ڕستەی سادەن، بەڵام هەڵگری واتایەکی قووڵن. بەکارهێنانی (گورگ=جەللادی فاشیست) هێمایەکە بۆ ستەم و غەدر. دانانی ڕستەی (گورگن و ناپرسن-بۆ ئەوان گۆشت هەر گۆشتە) ئاماژەیە بۆ دەرخستنی ئاکارە دڕندەییەکانی دیکتاتۆری بەعس. ڕاستەوخۆ ئاماژەدان بە (سۆران و بادینان) هێمایە بۆ ئەوەی جەللادی بەعس، هیچ جیاوازی لە نێوان کورد ناکات چ سۆرانی یان بادینی، وەک خۆی دەڵێت بۆ فاشیست (کورد هەر کوردە).

سۆزبەندی شاعیر و گەلەکەی، دەقێکی هۆشیارکەرەوە ئاراستەی گەلی کورد دەکات، کە هێزێکی ئاسنین هەیە جەستەی کورد دەخوات (سۆرانی بێ بادینی)، واتە بیرێکی بەرەنگاری نەخشاندوە، کە مەترسیی دۆخی کوردی دەرخستوە لەژێر پیلانەکانی فاشیست. جێناوی (ئەوان)، کە بۆ بەعس دەگەڕێتەوە و دەرنەکەوتوە، هەڵگری گوتاری دوژمنکاریی بەعسە بەرانبەر بە کورد (ئەوان گورگن). هۆشیاریی شاعیر و بەکارهێنانی ئاژەڵی (گورگ) خوێنەر دەباتە یاسای جەنگڵ، بەڵگەی سەلمێندراوIragument pragmaitique  (مانەوە بۆ بەهێزەکانە) دڕندەیی ڕژێم

وێنادەکات، بۆیە گوتاری غەدر و کوشتنی بە کۆمەڵ دەنێرێت، چونکە گورگ، ستراتیژیەتی غەدر و کوشتنی بە کۆمەڵ و ئیستغلالی هەیە. کەشفی ئایدیۆلۆژیای ستەمی دەسەڵات دەکات و لە بەرانبەریدا، ئایدیۆلۆژیایەکی نوێ دروستدەکات، کە کورد چ سۆرانی یان بادینی، هەر کوردە، یەک جەوهەر و دۆزە. ڕەخنەی شاراوەhidden polemic (اللطيف،2020: 269) ئاراستەی عەقڵ دەکات، کە (کورد بە گۆشت و بەعسیش، بە گورگی برسی دڕندە) وەسفدەکات، بۆیە گوتارەکەی فراوانترە لەوەی، کە تەنیا بەرگری بێت، بەڵکو داوای شوناسێکی کوردی بۆ بەرپەرچدانەوەی ئایدیۆلۆژیای بەعس دەکات. شاعیر لە ڕێگای زمانە کورت و پوختەکەیی و هۆشیاریی هەڵقولاوی کاتەکەی و کاراکتەری سروشت و جەنگڵ، بیری نەتەوەییLogos و هەستی شۆڕشگێڕیPathos هاوزمانانی بەهێزکردوە و نێوخۆ و ڕای گشتی لە نادادپەروەریی دەسەڵات ئاگادارکردوەتەوە. هەروەک لە کۆپلەیەکی تردا دەڵێت:

وەختێتی

پێشمەرگەی کوردستان وەختێتی..

ئەم خاکە ئەنجن و زامدارە

هەرسێ خواستێتی:

یەکەمیان: یەکێتی

دووەمیان: یەکێتی

سێیەمیش: یەکێتی(بێکەس،1986: 209-210)

شاعیر بانگەوازی ڕۆڵەکانی دەکات (پێشمەرگەی سۆران و بادینان) بۆ وەلانانی کێشە نێوخۆییەکان، کە یەکێتیی هێزمان لاواز دەکات، با سەرنجبدەینە سەر گۆڕەپان، کە پڕیەتی لە جەللادی دوژمن و خەریکی خواردنی جەستەی کوردن، بۆیە داوایان لێدەکات چەک هەڵگرن و ئایدیۆلۆژیای نەفرەتی دوژمن بخەنەگۆڕ. لە هەمان کاتدا، گوتارێکی توندە دژ بە فاشیستەکان،

کە باس لە پرسی گۆڕینی شوناس و خوێنی شەهیدان دەکات، بۆیە بە تۆنێکی بەرز هاوار دەکات، کە ڕەفتارەکانی بەعس قابیلی قبووڵکردن نین، ئێمە ئەو هەموو شەهیدانەمان داوە و شۆڕشمان کردوە، بۆ ئازادی و سەربەخۆیی، نەک شێواندنی پرەنسیپی کوردایەتی، بۆیە گوتارەکەی، هەڵدەکێشێت بۆ زیندووکردنەوەی هەستی نەتەوەیی بەرانبەر بە مەترسیەکانی چارەنووسی گەلی کورد و پەیامێکی زۆر بەهێزە بۆ هەرچی زووە دەستی فاشیست ببڕدرێت لەم جۆرە مامەڵەی ڕەگەزپەرستانە لەگەڵ گەلی کورد، بۆیە دەڵێت:

من هاتووم بۆ ئەوەی

خوێن بدەم بە کەژی ڕەنگ زەرد و

بە پەیژی لاشەما..

ئازادی سۆران و بادینان پێکەوە سەرکەوێ(ئەحمەد،2022: 134-135)

ئاشووریەکان بەرانبەر بەم ستەمە، ڕەخنەی توندیان ئاراستەی ڕژێم کردوە. بۆ بەدیهێنانی مافی خۆیان و کوردستانییان، هەردوو ڕەگەز بەبێ جیاوازی بەشداری شۆڕشی چەکداری و مەدەنییان کردوە. شەهید مارگرێتی ئاشووری، کە لە سەردەمی مەلا مستەفا بارزانی خۆی گەیاندوەتە شۆڕش و بووەتە پێشمەرگە، نموونەیەکی زیندووی شۆڕشی چەکداریە (بێدار،2021: 58). جێرمین تەمرزیش، وەک شاعیری ئافرەتی ئاشووری لە شۆڕشی مەدەنی، لە شیعری (ناوە جیاوازەکانی نەتەوەیەک) بۆ یەکڕیزی و مێژووی هاوبەشی ئاشووری کەلدان سریان دژ بە بەعس دەڵێت:

ئاشووری بابلی کەلدانی یاقوبی مارۆنی سریانی یوسپی تەلکێفی

وەرن ئاشوورییەکان، هەڵسن بابلییەکان کۆببنەوە کەلدانی و یاقوبییەکان

گوێبگرن مارۆن و سریانەکان هەموومان لە خوێندا ئاشوورییین(تەمرز: 1984)

شاعیر بە زمانێکی ڕوون و سادەی هاوچەرخی ئاشووری، ڕاستەوخۆ و لە کاتی گونجاو Foregounding ئەو ناوە جیاوازانەی بە مێژوو لە ئاشووریەکان نراون دەهێنێت و ویستی تێپەڕاندنی هەیە بۆ دروستکردنی تەنها ناسنامەیەکی (ئاشووری)، چونکە بەیەکگرتنی ئەم ناوانە لەژێر چەتری ئاشووری، شوناسی گەورە و بەهێز دژ بە جیاکاریی دەرەکی بەعس دروستدەکات و پیلانی لاوازکردنی مێژووی هاوبەشیان هەڵدەوەشێنێتەوە. شاعیر زۆر بە هۆشیاری و مەنهەجیانە ناوە زۆر و دووبارەبووەکان La reiteration بۆ جیاوازی نایانگەڕێنێتەوە، بەڵکو (ئەندۆنێم: ئەو ناوەی، کە ئاشووریەکان خۆیان لە خۆیان ناوە (ئاشووری)، لەگەڵ ئێکسۆنێم: ئەو ناوەی، کە نەتەوە و گەلانی تر لە ئاشووریەکانیان ناوە وەکو گریک، عەرەب...)(کوربیل،2023: 575)، بەڵام دواجار هەموویان لەیەک جەوهەر و خوێن کۆیاندەکاتەوە، واتە بە ئایدیۆلۆژی و بایەلۆژیی گوتاری بەعسی بۆ دابڕاندنی ئاشووریەکان، لە براکانیان ڕەتدەکاتەوە. بە مەبەستی دانانی (خوێن) گوتاری یەک چارەنووسیە، مەسەلەی بوونی مێژووی هاوبەشە، کە لەسەرووی هەموو ململانێکانە. لە کۆپلەیەکی تردا دەڵێتەوە:

یوسپی و تەلکێفی ئێوە کە بە خوێن ئاشووریین

بەیەکگری بۆ ئەو ئامانجەی نەتەوەی ئاشوورییە کاربکەین

هەروەها شاعیر شموئێل ڕەشو زۆر بە توندی وەڵامی بەعس دەداتەوە کاتێک دەست بۆ شێواندنی مێژووی گەلەکەی دەبات و دەڵێت:

شانازی دەکەم بەوەی، کە ئاشووریم و

بە یەکگرییەکەت ئەی گەلەکەم من وا دەژیم(ڕەشو: 1989)

سەرچاوەی هێزی گوتاری هاوبەشی کورد و ئاشووری، وجود و ناوە جیاوازەکانیانە، کە لەسەرووی هەموو ململانێ نێوخۆییەکان بووە و مێژووی هاوبەشی ڕۆڵەکانیان هەر لە زمان، ڕۆشنبیری، ڕەگەز و مێژووی هاوبەش دەرخستوە و یەکگرتوویی بەبێ جیاوازی (سۆرانی-

بادینی) و (ئاشووری-کەلدانی...) ڕوونکردوەتەوە، بەڵام تێبینیی جیاوازی گوتارەکان لەوە دەردەکەوێت، کە گوتاری ئاشووری، زیاتر پشت بە هۆشیارکردنەوەی هزری دەبەستێت لە غیابی هێزی سیاسی و سەربازی، هەروەها دوورخستنەوەی مێژوویان لە عەرەبی عروبە، کە ئەوکات بەعس وا سەیری مێژووی ئاشووریەکانی کردوە، وەک بەشێک لە مێژووی عەرەبی، بۆیە شاعیر لە گوتارەکانیان، هەوڵی یەکگرتوویی نێوان گەلی ئاشووری بە هەموو ناوەکان، ئاین، ئەفسانە، دابونەریت...هتد داوە بۆ نیشاندانی جیاوازیی ئاشووری و عەرەبی عرووبە. لەلایەکی تردا، هێزی گوتاری ئاشووری لەو قۆناغەدا، بەتەنها یەکگرتوویی بووە بۆ مانەوە و پاراستنی مێژووەکەیان، بەڵام ئەگەر سەرنج بخەینە سەر گوتاری کوردی، تەنها بە مانەوە ڕازینەبووە، بەڵکو داوای سەربەخۆیی کردوە، هۆکارەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ بوونی هێزی سیاسی و سەربازی (پێشمەرگە) ڕێکخراوی کوردی لەو قۆناغەدا، واتە لە پاڵ هێزی زمان، هێزی سیاسی و سەربازی هەبووە بۆ بەهێزکردنی گوتاری کوردی. لالەیەکی تر.. گوتاری کوردی، ناوەڕۆکی هێزەکەی، لە دەستووری کاتی عێراق (1970)، کە دانی بە کورد ناوە وەک دووەم نەتەوە لە عێراق، هەروەها خەباتی چەکداری، کە بۆ هێشتنەوەی مێژووی هاوبەشی کورد زۆر خزمەتی بە گوتاری هزری کردوە.

**سەرئەنجامی توێژینەوە**

خاڵە هاوبەشەکان:

-هەردوو گوتاری کوردی و ئاشووری لە چوارچێوەی ڕووبەڕووبوونەوەی ستەم و وەدەرنانی ڕژێمی بەعسدا کاریانکردوە و هاوبەشی ڕەتکردنەوەی سیاسەتەکانی وەک ئاوارەبوونی زۆرەملێ، بەعەرەبکردن و سڕینەوەی شوناس بوون.

-هەردوولا، شیعر و مێژووی هاوبەش و هێما کلتووریەکانیان بەکارهێناوە بۆ بونیادنانی هۆشیاری بە کۆمەڵ و پاڵنەری بەرەنگاری.

-خاک و نیشتمان له هەردوو گوتارەکان دەبنه ناسنامه و بەرگریکردن لێیان نوێنەرایەتیی بەرگریکردن له (بوون) دەکات.

خاڵە جیاوازەکان:

-بەرەنگاریی کوردی، سوودی له پێکهاتەیەکی ڕێکخراوەیی بەهێزی وەک (بزووتنەوەی سیاسی و سەربازیەکان (پێشمەرگە)) وەرگرتوە. له بەرانبەردا، گوتاری ئاشووری، له ڕەهەندە کلتووری و مێژووییەکانی خۆیدا، خۆی دەرخست و میراتی شارستانی و ئایینی خۆی بۆ چەسپاندنی شەرعیەتی بوونی خۆی و یەکگرتوویی کۆمەڵایەتی بەکارهێناوە، بەم جۆرە ئاشووریەکان زیاتر پشتیان به نوخبه مەدەنی و کلتووریەکان بەستبوو بۆ پاراستنی ناسنامه و گوتاری خۆیان.

-بەپێی ستراتیژیەکەی لایکی، ئەوە دەردەکەوێت، کە کاریگەریی گوتار، تەنها به قوڵاییە ڕەمزییەکەوە بەند نیە، بەڵکو به چوارچێوەی سیاسی و کۆمەڵایەتیشەوە بەندە. بۆیە گوتاری کوردی، بەهۆی بەکارهێنانی کەرەستەی مەیدانی (پێشمەرگە، ڕێکخراوی سیاسی) به بەراورد به گوتاری ئاشووری، زیاتر داینامیکیە.

**پێشنیازەکانی توێژینەوە**

ئەم توێژینەوەی، پێشنیازی کرانەوەی زیاتری نێوان ئەدەبی کوردی و ئاشووری دەکات و بەراوردکردنیان لەگەڵ یەک له بوارەکانی تری ئەدەبی، میوزیک، گوتاری میللەت و گوتاری حزبەکان، گوتاری فەرمیی کوردی و گوتاری فەرمیی ئاشووری...هتد. لەلایەکی تر، پێشنیازی توێژەران دەکات بۆ گەڕان بەدوای ڕۆڵی ئاین له هەردوو گوتارەکان، هەروەها بەراوردی نێوان مەفهومی ئۆتۆنۆمیی کوردی و ئۆتۆنۆمیی ئاشووری (نەینەوا)، کە له پێناویاندا کۆمەڵکوژی

کراون، لەگەڵ هۆکارەکانی بوونی زۆری گوتاری کوردی و ئاشووری (1975-1991). دوا پێشنیازیش، توێژینەوەکردنە لە گوتاری بەرەنگاری بەر لە ماوەی توێژینەوەکەمان.

**سەرچاوەکان:**

**کتێبی زمانی کوردی**


-بێدار، ئادەم(پ.ی.د.) 2021، هەمەچەشنی و فرەیی لە هەرێمی کوردستان، ڕابردوو-ئێستا-داهاتوو، لە بڵاوکراوەکانی ئینستتیوتی تۆلێرانسی بێ سنوور، هەرێمی کوردستان-هەولێر.

-بێکەس، شێرکۆ 1986، جوامێر-داستانی هەڵۆی سوور و کەشکۆڵی پێشمەرگە، چ1، یەکێتی نووسەرانی کوردستان، زنجیرە41، چاپخانەی شەهید جەعفەر.

-شارباژێری، جەمال 2013، *کۆشیعر*، ب2، چاپخانەی شەهاب-هەولێر.

-کوربیل، ریفان جانی 2023، *ئاشوورییەکان و زمانیان*، دهۆک-کوردستان.

-عەونی 1997، *دیوان*، چ1، هەولێر.

-محەمەد، مراد حکیم 2004، ئاکامە کۆمەڵایەتییەکانی سیاسەتی ڕاگواستنی کورد لە عێراق لە سەردەمی بەعس دا، لە بڵاوکراوەکانی سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجیی کوردستان.

-هەڵمەت، لەتیف 2014، *دیوان*، چ1، لە زنجیرە بڵاوکراوەکانی ناوەندی غەزەلنووس بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە26.

**توێژینەوەی زمانی کوردی** -ئەحمەد، نەوزاد عەلی 2022، ئایکۆنی بەرەنگاری لە هەردوو گۆڤاری (نووسەری کورد) و (نووسەری کوردستان)دا، تێزێکی دکتۆرایە پێشکەش بە کۆلێژی زمانیزانکۆی سلێمانی کراوە بۆ بەدەستهێنانی پلە دکتۆرا لە ئەدەبی کوردی 2022.

-امین، محمدامین محمدنوری(د.) و بێستون عادل علی(پ.ی.) 2023، گوتاری ناسیونالیزمی کوردی (پەرچەکرداری وەهمی ترس و قڕکردن)، توێژینەوە لە ( journal of language studies, Vol.7, No,4. 2023)، ل 112-134.

-رحمان، قارەمان حەیدەر 2014، بزوتنەوەی ڕۆشنبیری کوردی لە شاری هەولێر 1975-1991، نامەی ماستەر لە بواری مێژوو، پێشکەش بە زانکۆی سەلاحەددین کراوە بۆ بەدەست هێنانی ماستەر لە مێژووی نوێ و هاوچەرخ.

- سورخی، رەحیم قادر(د.) و فەرهادی، ساجیدە عەبدوڵڵا(پ.ی.د.) 2017، شیکردنەوەیەکی ڕەخنەیی گوتاری ڕۆژنامەنووسیی کوردی (1918-1932)، توێژینەوەیەکە لە گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی ژمارە 25 بڵاوکراوەتەوە، ص63-98.

-عزیز، سروە فیصل 2022، هێزی زمان لە گوتاری سیاسی کوردیدا، شیکردنەوەیەکی ڕەخنەگرانە، تێزێکی دکتۆرایە پێشکەش بە ئەنجوومەنی فاکەڵتی ئادابی زانکۆی سۆران کراوە بۆ بەدەستهێنانی پلەی دکتۆرا لە فەلسەفەی زمانی کوردی ساڵی (2022).

-فتاح، میدیا ابراهیم و عزیز، هیوا احمد 2023، بنەماکانی شیکاری ڕەخنەیی گوتار لای نۆرمەن فێرکلەف، توێژینەوەیەکی تیۆری شیکاریە لە گۆڤاری زانکۆ بۆ زانستە مرۆڤایەتییەکان، بەرگی 27، ژمارەspb، ساڵی 2023، بڵاوکراوەتەوە، ل 340-356.

-مەلایی، ناسیح (د.) 2023، بن واتای چاوەڕوانی سەرکەوتن و پێشبینیی داهاتووی ڕوون لە شیعری بەرگری عەبدوللە پەشێودا: لێکۆڵینەوەی دەفتەری دوازدە وانە بۆ منداڵان و چەند شیعرێکی قەدەغە، توێژینەوەیەکە لە ( journal of Kurdish literature, autumn and winter 2022-2023 Vol, viii. No,2. Series 14) بڵاوکراوەتەوە، ل 139-155.

**کتێبی زمانی عەرەبی**

-اشيثا، عوديشو ملكو(د.) 2025، *لانكم اشوريون*، من منشورات رابطة الكتاب و الادباء الاشوريين34-دهوك.

-الجعب، نافع سليمان (د.) 2017، ثقافة المقاومة بين النظرية و التطبيق، ج1، مؤسسة الابحاث العربية.

-الاسطة، عادل (د.) 2008، ادب المقاومة-من تفائل البدايات الى خيبة النهايات، ط2، مؤسسة فلسطين للثقافة.

-المبارك، مازن(د.) 1979، نحو وعي لغوي، مؤسسة الرسالة-بيروت.

-بارط، رولان 1986، درس السيميولوجيا، ط2 1986، ط3 1993، ت. عبدالسلام بنعبد العالى، تقديم عبدالفتاح كيليطو، دار توبقال للنشر، الدار البيضار05-المغرب.

-باكير، بول و ايليج، سيبونيل 2018، المصطلحات المفاتيح في تحليل الخطاب، ت. ناصر بن عبدالله بن غالي (د.)، مطبعة دار جامعة الملك سعود للنشر، المملكة العربية السعودية.

-بن مكي، فطومة(د.) 2018-2019، *محاضرات في تحليل الخطاب*، مطبوعات موجهة لطلبة الماستر، تخصص اتصال و علاقات عامة للعام الجامعي (2018-2019).

-خلف، عبدالهادي(د.) 1988، المقاومة المدنية، ط1، مؤسسة الابحاث العربية، ڕێکەوتی دوا سەردانی 17ی کانوونی دووەمی 2024.

-دستور الجمهورية العراقية المؤقت1970.

-دونابيد، سرجون جورج(د.) 2023، اعادة صياغة تاريخ منسي، ت. اسماعيل محمدیفهمي سعيد.

م. د. سمير دنخا جونا، من منشورات رابطة الكتاب و الادباء الاشوريين32-دهوك.

-روفائيل، جميل و بنيامين عبدالاحد 1973، اضواء على قرار منح الحقوق الثقافية للمواطنين الماطقين بالسريانية، ط1، مطبعة الامة بغداد.

-زريق، قسطنطين 1939، *الوعي القومي (نظرات في الحياة القومية المتفتحة في الشرق العربي)*، من منشورات دار المكشوف-بيروت.

-شبيرا، ايرم 2001، *الاشوريون فى الفكر العراق المعاصر*، دراسة في العقلية العراقية تجاه الاقليات، ط1، دار الساق.

-عبداللطيف، عماد(د.) 2020، *تحليل الخطاب السياسي-البلاغة، السلطة، المقاومة*، ط1، دار كنوز المعرفة للنشر و التوزيع.

-عبيدي، منية (د.) 2016، *التحليل النقدي للخطاب نماذج من الخطاب الاعلامي*، ط1، كنوز للمعرفة.

-كوربيل، ايفان جاني 2019، مسيحيو محافظة دهوك، مطبعة نصيبيين-دهوك.

-لازاريف، م.س. و اخرون2011، *تاريخ كوردستان*، ط2،سبيريز للطباعة و النشر، اقليم كردستان العراق-دهوك.

**توێژینەوەی زمانی عەرەبی**

-البعطاوي، حسين 2018، *بلاغة الخطاب السياسي عند حركة 20 فبراير قراءة في الاشكال الخطابية*، بحث منشور في مجلة فصول، المجلد4/26، العدد 104، ص544-577.

-الخاني، ريمه عبدالاله(د.) 2020، *فن الخطاب الحديث*، بحث *ادبي منشور منهجي تحليلي تطبيقي*، ص1-36.

-الدرمكي، عائشة، *سلطة الخطاب في النص الادبي، قراءة في مجموعة عبد الفتاح المنغلق لايحب التفاصيل*، بحث منشور في مجلة بحوث سيميائية، ص123-150.

-العساف، فايز عبدالله 2010، *الاقليات و اثرها في استقرار الدولة القومية-اكراد العراق انموذجا*، رسالة مقدمة لاستكمال متطلبات درجة الماجستير في لعلوم السياسية، جامعة الشرق الاوسط، كلية الاداب، قسم العلوم السياسية.

-القايد، عبدالله حسن عبدالله 2019، *التحليل النقدي للخطاب: الخطاب الاعلامي للدول المحاصرة لقطر مثلا*، رسالة ماستر مقدمة الى كلية الاداب و العلوم قسم اللغة العربية في جامعة قطر.

-بكار، سعيد(د.) 2021، *التحليل النقدي للخطاب: مفهومه و مقارباتة*، بحث منشور في مجلة الخطاب، المجلد16، العدد2، ص443-476.

-حسيني، مختار(د.) 2022، *النص و الخطاب بين الرؤية و تحليل الخطاب المعاصر*، بحث منشور في مجلة مقامات-02جويلية، المجلد6، العدد1، ص177-190.

-خضر، عبدالله(ا.د.) 2017، *الاسلوبية و تحليل الخطاب*، مقال منشور 2017/5/3. (الأسلوبية وتحليل الخطاب - الأكاديمية العربية الدولية).

-دلكي، خالد حسين و مقابلة، جمال محمد 2019، *تحليل الخطاب الشعري: نموذج مقترح من خلال ثقافة الصورة-دراسة تطبيقية للامكان الرمزي في ديوان جبل خافت في سلال القرى ل- احمد الخطيب*، بحث منشور في مجلة المجمع، العدد14، ص 33-70.

-شهاب، خديجة عبدالله (د.) 1400، مستويات النضال في ادب المقاومة، بحث منشور قي مجلة، التنظيرات و النقد في الادب العربي، السنة الاولى، العدد3، ص19-34.

-علي، محمدود سيد مجمد(ا.) و علي السيد ابراهيم عجوة(ا.د.) 2022، *التحليل النقدي للخطاب الاعلامي: الاسس النظرية و مدخل التحليل*، بحث منشور في مجلة العلمية لبحوث العلاقات العامة و الاعلان، العدد الرابع و العشرون، الجزء الثالث، ص 581-604.

-فوزي، ناهدة (ط.د.) 2021، عناصر ادب المقاومة في مؤلفات مصطفى وهبي التل، بحپ منشور في مجلة اداب الكوفة، العدد 48، ج2، ص316-328.

-محمد، صوضان 2021، *قراءة تقديمية لمضامين فصل: المقاربة التاريخية للخطاب "مارتن رايزيجل و ورث فوداک" من كتاب مناهج التحليل النقدي للحطاب*، بحث منشور في مجلة الخطاب و التواصل، جامعة بلحاج بوشعيب-عين تموشنت، المجلد 2، العدد 8، ص 181-279.

-ميرحاجي، حميدرضا و مسگر امير 1442، *الخطاب و تحول المجتمع الثقافي من منظار تحليل الخطاب النقدي لفيركلاف-دراسة سورة الاخلاص نموزجا*، بحث منشور في مجلة افق الحضارة الاسلامية، اكاديمية العلوم الانسانية و الدراسات الثقافية، العدد2، ص 299-326.

**ماڵپەڕی فەرمی ئەلیکترۆنی**

-ئەگاسی، گیورگیس 1986: (*Brat Ishtar by Evin Agassi | Assyrian Lyrics*)، دوا سەردان 2025/5/31.

-ئیشمایل، داود 1980: (*Shlama Athuraya by Sargon Gabriel | Assyrian Lyrics*)، دوا سەردان 2025/4/28.

-بنیامێن، بنیامێن1976: (*Atturiyah by Sargon Gabriel | Assyrian Lyrics*)، دوا سەردان 2025/5/31.

-تەمرز، جێرمین 1984: (Shimanie Preshie D Khda Omta by Jermain Tamraz | Assyrian Lyrics)، دوا سەردان 2025/4/18.

-رەشو، شموئێل 1989: (Ekari Bo Mteeleh by Zaya Shamuel | Assyrian Lyrics)، دوا سەردا 2025/5/31.

-میرزا، ئۆشانا 1991: (Lishana D'Yimma by Sargon Gabriel | Assyrian Lyrics)، دوا سەردان، 2025/5/30.

**الملخص**

الخطاب، هو نظام من اللغة و الممارسات الاجتماعية. في سياق تاريخي وسياسي وثقافي، فإنه يحدد معنى الموضوعات. بين عامي 1975 و1991، تعرض الكرد والآشوريون للاضطهاد من خلال قرارات سياسية وقانونية تتعلق بالدستور. لفهم التأثير السلبي للقرارات وكيف استطاع الشاعر أن يرتفع بمستوى الوعي الوطني والمشاعر لتفكيك ايديولوجيا البعث، تم استخدام طريقة تحليل الخطاب النقدي، لأنها جدلية وتدرس تأثير القرارات داخل النصوص.

قراءة خطاب المقاومة بين النصوص الكردية والآشوريه ومقارنتها، تتشابه في جوانب عديدة، فهي حصن واحد، قدر واحد، تاريخ واحد وجغرافيا واحدة، لكنها تختلف في أهدافها، الذاكرة الجماعية، الأدوات، القوة السياسية والعسكرية (البيشمركة) والاعتراف الدولي. ومن جانب اخر، الخطاب الكردي، واجه البعث بشكل مباشر، بينما تجنب الخطاب الآشوري المواجهة المباشرة مع البعث، أي استخدام الرموز الدينية والوطنية والتاريخية.

الكلمات المفتاحية: الخطاب، تحليل الخطاب، المقاومة، أدب المقاومة.